گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper12
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 2023/07/10
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2023/10/01
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2024/4/29

# پاڵەوان لە داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا بەپێی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ

**عیماد ئەحمەد خەلیل[1] - هێمن عومەر ئەحمەد[2]**
hemin.ahmad@soran.edu.iq eak410h@kua.soran.edu.iq
[1+2]بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە:
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشــانی (پاڵەوان لە داســتانی شــێخی ســەنعانی هەورامیدا بەپێی تیۆری "گەشــتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی پاڵەوانی داستانی شێخی سەنعانی هەورامی بەپێی تیۆری گەشتی پاڵەوان، کە لەلایەن جۆزیف کامبڵی (1904–1987) ئەفسانەناسی ئەمریکی دانراوە. ئەم تیۆرە لە سێ بەش پێکدێت و هەر سێ بەشەکەش لە حەڤدە قۆناغ پێکهاتوە. جۆزیف کامبڵ پێیوایە هیچ پاڵەوانبونێک لەو حەڤدە قۆناغە بەدەر نییە، بەڵام مەرجیش نییە هەمو پاڵەوانێک هاوتەریب بە هەر حەڤدە قۆناغەکەدا تێپەڕبێت، بەڵکو بەپێی پاڵەوان دەگۆڕێت. لەم توێژینەوەیەدا گەشتەکەی پاڵەوانی داستانی شێخی سەنعانی هەورامی بەپێی ئەم تیۆرە هەڵســـەنگاندنی بۆ کراوە و هەمو ئەو قۆناغانەی پاڵەوان پێیدا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەو قۆناغانەش کە پاڵەوان پێیدا تێنەپەڕیوە باس کراون و لە کۆتاییشـــدا ئەنجامەکان خراونەتەڕو، یەکێک لەو ئەنجامانە بریتییە لە بازنەیی ڕوداوی داستانەکە و پەیوەندیی بە ڕەگەزی پاڵەوان و بابەتی گەشت، کە لە ڕێی ئەو ســیمایە تایبەتییەوە پاڵەوان و ڕێڕەوی گەشــت لەنێو داســتانی شــێخی ســەنعانی هەورامیدا دەســتنیشــان دەکرێت و بە ســودوەرگرتن لە تیۆرەکەش پەیوەندیی داستانی شـێخی سـەنعانی هەورامی بە چەند ڕەگەزێکی سۆفیگەریی و ئەفسانە، دەباتە ڕیزی داستانە جیهانییەکان.

**کلیلە وشەکان:** پاڵەوان، ئەفسانە، داستانی شێخی سەنعانی هەورامی، تیۆری گەشتی پاڵەوان.

## پێشەكی:

ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندە لەڕوی گێڕانەوەناسییەوە، لە ناویشیاندا ئەو دەقە گێڕانەوەییانەی خاوەنی پاڵەوانن، بەڵام ئاسان نییە لەنێو ئەو هەمو دەقە گێڕانەوەییانەدا دەقێک هەڵبژێردریت و تیۆرێکی مۆدێرنی لەسەر پراکتیزە بکرێت، چونکە لەکاتی هەڵبژاردنی تیۆرێک، پێویستە گەڕان بۆ دەقێک بکرێت، کە پڕ بە پێستی خۆی بێت و بەزۆر نەکرێتە بەرگێک و بەبەر دەقەکەدا بکرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پاڵەوان لە داستانی شێخی سەنعاندا بەپێی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ)، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی پاڵەوانی داستانی کوردی بەپێی تیۆرێکی مۆدێرن، کە تایبەتە بە پاڵەوان و لە سێ بەش پێکهاتوە. بەشی یەکەم بریتییە لە پێنج قۆناغ و بەشی دوەم شەش قۆناغ و بەشی سێیەمیش شەش قۆناغ، کە بە تێکڕا بریتین لە حەڤدە قۆناغ. ئەم تیۆرە لەلایەن جۆزیف کامبڵی (1904-1987) ئەفسانەناسی ئەمریکییەوە دانراوە و لە سەر زۆرێک لە دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەتیش داستان پراکتیک کراوە. ئەم توێژینەوەیەش بەشێکە لەو کارانەی لەسەر ئەم تیۆرە کراون و ناساندنی ئەم تیۆرەشە بە بزاڤی توێژینەوەی کوردی.

## پاشخانی توێژینەوەکە:

تاوەکو ئێستا لە ڕەخنەی کوردی بە گشتی و توێژینەوە کوردییەکانی باشوری کوردستان بەتایبەتی کار بەم تیۆرە نەکراوە، تەنیا تێزێکی ماستەر لەبارەی ئەم تیۆرەوە نوسراوە، ئەویش بە زاری کرمانجی و ئەلفوبێی لاتینی. تێزەکە لەلایەن (سامی چەلیکتاش)ەوە وەک بەشێک لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشی زانکۆی مارئایین ئارتوکلو کراوە[i].

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا کار بە میتۆدی وەسفیی شیکاری کراوە، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ.

## سنوری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیدا کار بە تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ کراوە و لەسەر داستانە شیعری شێخی سەنعانی هەورامیدا پراکتیزە کراوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی داستانی شێخی سەنعانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەلایەک ناوەرۆکی داستانەکە تاڕادەیەک وەک ئەدەبی گشتیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە لە نێو ئەدەبی زۆر لە نەتەوە جیاوازەکانی

ڕۆژهەڵاتدا ئەم داستانە دەبینرێ، لە لایەکی تریش داستانەکە کۆنە و لە دەستنوسەوە خراوەتە سەر ڕێنوسی ئێستا و چۆنیەتی چنین و دارِشتنی پاڵەوان لەنێو بونیادی داستانێکدا دەرخەری فکری کۆمەڵگەکەشە لەبن سایەی شیکاریی تیۆرەکەی کامبڵدا[ii]. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە ئەوە جاری یەکەمە داستانێک بە زاری هەورامی دەخرێتە نێو چوارچێوەی توێژینەوە و لەژێر سایەی تیۆرێکی بیانییەوە شیکار بۆ بونیادی پاڵەوان لەنێو داستانەکە دەکرێ، ئەمەش لە لایەک ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی هاوشێوە و زیندوکردنەوەی زارەکانی کوردی، لە لایەکی تر ناساندنی تیۆرێکی بیانییە بە خوێنەری کورد.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتە، کە تا چەند تیۆری مۆدێرن لەگەڵ تێکستی کلاسیکی کوردی هاوئاهەنگە، هەروەها تا چەند ئەم تیۆرە لەگەڵ داستانی کوردیدا دەگونجێت و لە کۆی گشتی قۆناغەکان چەندیان لەسەر داستانی کوردی پراکتیزە دەبێت؟

## پرۆگرامی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دو بەش و هەر بەشەش لە چەند تەوەرێک پێکهاتوە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (پاڵەوان و داستان لە ئاستانەی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ) ئەم تەوەرانە لەخۆ دەگرێت: (تەوەری یەکەم: چەمکی پاڵەوان، پێناسەی پاڵەوان، ناساندنێکی گشتیی پاڵەوان. تەوەری دوەم: چەمک و زاراوەی داستان، پێناسەی داستان، پەیوەندی نێوان پاڵەوان و داستان. تەوەری سێیەم: ئەفسانە، بنەچەی وشەکە، پێناسەی ئەفسانە. تەوەری چوارەم: ژیاننامەی جۆزیف کامبڵ، تیۆری گەشتی پاڵەوان و پەیوەندی بە دەقی ئەدەبییەوە بە تایبەت داستان). بەشی دوەم بە ناونیشانی (پراکتیزەکردنی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ بەسەر داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا) ئەم تەوەرانە لەخۆ دەگرێت: (تەوەری یەکەم: پوختەی داستانی شێخی سەنعان "دەستنوسە هەورامییەکە". تەوەری دوەم: قۆناغەکانی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ). لە کۆتاییدا پەراوێزەکان و ئەنجامە بەدەستهاتوەکانیش خراونەتە ڕو.

## 1- بەشی یەکەم: پاڵەوان و داستان لە ئاستانەی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵدا

### 1-1-أ- تەوەری یەکەم: چەمکی پاڵەوان

وشەی پاڵەوان لە وشەی یۆنانی (Heros) وەرگیراوە، کە بە واتای پارێزەر یان بەرگریکار دێت(Kinsella, Ritchie, Igou, 2018). لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەشدا لە بەرامبەر زاراوەی پاڵەوان "1) پیاوی زۆر ئازا، قارەمان؛ 2) دارێ کە دەخرێتە بن کاریتەوە" (هەژار، 1369: 61) بەکارهاتوە. لێرەدا ئەگەر سەرنجی مانای دوەمی پاڵەوان بدەین، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەبێتەوە، کە پاڵەوان هاوشێوەی ئەو دارە

خۆڕاگر و بەهێزەیە، کە دەخرێتە بن کاریتە و بنمیچ (سەقف)ی خانوی پێ ڕادەگیرێ. ئەمەش خۆڕاگری پاڵەوان لەبەردەم ئالنگارییەکان دەسەلمێنێت.

بنچینەی وشەی پاڵەوان فارسییە. بەپێی ئەفسانە ئێرانییەکان پاڵەوان کوڕی حاکمی دێرینی ئێرانی تەحماسبە، کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەلایەن زەبەلاحێکەوە ڕفێنراوە و لەناو زەبەلاحەکاندا گەورە بوە. کاتێک باوکی کۆچی دوایی کرد، بەهۆی نەبونی هیچ پاڵەوانێک لە مەیدانەکەدا، کەسێک بە ناوی هۆشەنگ چوە سەر تەختی پاشایەتی. دواتر پاڵەوان دەردەکەوێت و لە مەیدان هەمو پیاوە ئازاکانی هۆشەنگ دەبەزێنێت، ئەمەش وای لە هۆشەنگ کرد پێزانینی بۆ ئەو کارەی پاڵەوان هەبێت و تەختی پاشایەتی ڕادەست بکات. بەڵام پاڵەوان ئەمەی پەسەند نەکرد، بەڵکو پێشنیازی ئەوەی کرد وەکو پاڵەوانێک لەپاڵ هۆشەنگدا کار بکات. شانامەی ئێرانی ئەوە نیشان دەدات، کە کەسێک بەبێ ئەوەی ببێت بە پاشا، دەتوانێت ببێت بە پاڵەوان. تەنانەت پاڵەوانبون بە فەزیلەتێکی بڵندتر لە پاشایەتی نیشان دەدات. (Gök, 2019: 4) دەکرێ گەڕانەوەی بنچینەی وشەی پاڵەوان بۆ زمانی فارسی، بەهۆی ئەو شارستانییەتەی فارسەوە بێت، کە پڕیەتی لە ئازایەتی و نەبەردی پاڵەوانەکانی و هەر پاڵەوانێک خاوەنی چەنئایین داستانی نەبەردی و خۆڕاگرییە.

### 1-1-ب- پێناسەی پاڵەوان:

یەکێکی تر لەو چەمکانەی پێناسەی جۆراوجۆری لە ڕوانگەی جیاوازەوە بۆ کراوە، بریتییە لە چەمکی پاڵەوان. (بێکەر و ئیگلی) لە ڕوانگەیەکی دەرونناسییەوە بەم شێوەیە پێناسەی پاڵەوان دەکەن: "پاڵەوانەکان کەسانێکن، کە بە ناوی کەسێک یان چەند کەسێک هەڵدەبژێردرێن، بۆ ئەوەی کاری مەترسیدار ئەنجام بدەن، سەرەڕای ئەگەری مردن یان توشبونیان بە لێکەوتەی جەستەیی بەهۆی ئەو کارانە" (Philip Zimbardo, 2007: 464)، هەروەها لە فەرهەنگی کامبریج بەم شێوەیە پێناسەی پاڵەوان کراوە: "1. کەسێکە بەهۆی ئەوەی کارێکی ئازایانەی کردوە، یاخود شتێکی مەزنی بەدەستهێناوە، ڕێزی لێ گیراوە. 2. کارەکتەرێکی باشی نێو کتێبێک یان فیلمێکە" (Cambridge Dictionary). هەروەها لە فەرهەنگی بریتانیکادا بەم شێوەیە پێناسەی پاڵەوان کراوە: "1/ا. کەسێک بە کردەوەی گەورە یان ئازا یان سیفەتە جوانەکان سەرسام بێت. 1/ب. کەسێک کە زۆر سەرسام بێت. 2. کارەکتەری پیاو لە چیرۆک و شانۆگەری و فیلم و هتد" (The Britannica Dictionary). کەواتە پاڵەوان کەسێکە ئازا و بەجەرگە، چاونەترس و خۆنەویستە، هەمیشە لەپێناو باشی و چاکەدا تێدەکۆشێت، بەهۆی ئەو کارانەش ڕێزلێگیراوە.

### 1-1-پ- ناساندنێکی گشتیی پاڵەوان:

دیرۆکی مرۆڤایەتی سیخناخە لەو کەسانەی بە ئازادی و باوەڕ و عیشقەوە قارەمانانە ژیاون و مردون و کوژراون، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان کردۆتە قوربانی ئامانجە پیرۆز و بەرزەکانیان. گەل و

خێڵە بەراییەکان سیفاتی پاڵەوانیان داوەتە پاڵ ئەندامێک لەو ئەندامانەی گەل و خێڵی خۆیان، کە بتوانێت کاروکردەوەی سەروسروشتی و گرنگ ئەنجام بدات. ئینجا یەکێک لە گرنگترین ئەو سیفەتانەی ئەندامێکی ئەم گەل و خێڵە دەکات بە پاڵەوان بریتییە لە هێزی ڕابەرایەتیکرن، واتە ئەو کەسە پاڵەوانە، کە بتوانێت ڕابەرایەتی گەل و هۆزەکەی بکات و لەکاتی مەترسی و ناخۆشیدا بیانپارێزێت، یاخود کارێک بکات، کە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەکەی ئاسان بکات و سودیان پێ بگەیەنێت، چونکە پاڵەوان ئەو کەسەیە خۆی دەکاتە خەمخۆر و فریادڕەسی میللەت و ئازادی و سەربەستییان بۆ مەیسەر دەکات. ئەو وەک مرۆڤێکی پێگەیشتو و تێگەیشتو بایەخ بە شتە بچوکەکان نادات و هەمیشە بەدوای ئامانجە بەرزەکانەوەیە، بۆیە هیچ شتێک ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانی. بەمەش گرنگییەکی زۆر بە پاڵەوان دەدرێت و بە چاوێکی بەرزەوە لێی دەڕوانرێت تا دەگاتە ئاستی پەرستن. (عەباس، 2006: 164)

پاڵەوان کەسێکە "کۆمەڵێک خەسڵەتی تێدا کۆکراونەتەوە لەوانەیە لە خەڵکی ئاساییدا نەبن، بۆیە ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی ئەویش پێشکەشیان دەکات پەند و ئامۆژگاری بەسودن، بەڵام نەک بۆ خۆی یان بۆ خزمەتی خۆی، بەڵکو بۆ کۆمەڵگە و میللەت بە گشتی، کەواتە بیرەکان ئەگەر لە سەرچاوەیەکیشەوە دەربچن کە تاکێکە، ئەوا بە بیری تاک ناخوێنرێنەوە، چونکە سەرەنجام دەکەونە خزمەتی گشتەوە" (ئەمین، محەمەد، 2015: 304) بۆیە "کەسایەتی پاڵەوان بەرجەستەبونی یەکگرتوی خەیاڵ و خۆزگەکانی هەمو کۆمەڵگەیە بۆ بەرگریکردن و خەباتکردن و سنوردانان بۆ مەودای ئەو چەوساندنەوەو نایەکسانی ڕۆژانە ژیانی گەلەکەی وێران کردوە" (عەباس، 2006: 165)

هەرکاتێک مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوبن، ئەوا پەنای بردۆتە بەر خەیاڵدانی خۆی بۆ دروستکردنی پاڵەوانگەلێکی ئەفسانەیی، تا لە ڕێگەیەوە بەو شتانە بگات، کە لە دونیای ڕاستەقینەدا بۆی ئەستەم بوە. بۆیە هیچ نەتەوەیەک نادۆزیتەوە ئەدەبەکەی خاڵی بێت لەو دەقانەی، کە باس لە ئەفسانەی پاڵەوانەکانی دەکات، چونکە "ئەفسانەکانی پاڵەوانیەتی یادەوەرێکی مێژویی میللەتێک دەگێڕیتەوە و بەرگێکی ئایدیالی و کەماڵ و پاڵەوانیەتی وەبەر بابەت و ڕوداوەکان دەکات" (عەباس، 2006: 164) ئەمەش وادەکات ئەو دەقانە ببن بە مایەی زیندوییێتی و نەمریی بۆ گەل.

### 1-2-أ- تەوەری دوەم: چەمک و زاراوەی داستان

زاراوەی داستان لە وشەی (EPOS)ی یۆنانی وەرگیراوە، کە لە زمانی لاتینیدا وشەی (EPICUM) و لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (EPIC) و لە فەرەنسیش (EPOPEE)ی بۆ بەکاردێت. هەروەها لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الملحمة) و لە فارسیشدا وشەی (حماسە)ی لە بەرامبەردا بەکار دەبرێت. (حسین، مەولود، 2018: 16) هەرچی سەبارەت بە زمانی کوردییە، بەپێی ئەوەی لە فەرهەنگی پەیڤدا هاتوە لە بەرامبەر

وشەی داستاندا "چیرۆکی بە شیعر نوسراو" (پێندرۆیی، 2016: 344) بەکاربراوە. بەگشتی داستان زاراوەیەکی ئاشنایە بە ئەدەبی میللەتان و هەمویان بەش بە حاڵی خۆیان داستانیان هەیە، کوردیش وەک تەواوی نەتەوەکانی دونیا بێبەش نییە لەم ژانرە و بگرە لەو بوارە دەوڵەمەندیشە.

## 1-2-ب- پێناسەی داستان:

داستان، ئەو ژانرەیە لەپێش زایینەوە تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاست ژانری لەپێشینەی زۆربەی میللەتان بوە و بە یەکێک لە کۆنترین ئەو ژانرانە دادەنرێت، کە لە ناو ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتانی جیهان پانتاییکی بەرچاوی پاوانکردوە. لە سۆمەرییەکانەوە بگرە تا دەگاتە یۆنانی و ڕۆمانییەکان، لە سەدەکانی ناوەڕاستیش دەبێتە ژانری باو. ژانری داستان خاوەنی پێکهاتە و تایبەتمەندی خۆیەتی، بە جۆریک ئەم تایبەتمەندییانە بونەتە ناسنامەی ژانر بۆ تەواوی دەقەکانی ژانرەکە و بنەمای جیاوازیی و لێکچونیان بۆ سەرلەبەری بەرهەمەکانی سەر بەم ژانرە دروستکردوە. (ئەمین، ابراهیم، 2021: 194)، هەروەها "سەردەمی داستان دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی مێژو Dawn History، قۆناغێکە هێشتا ژیانی مەدەنیی لە شارەکاندا ڕێکنەکەوتوە، سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکانەو شەڕە لەسەر دەسکەوت، لەم سەردەمەدا ئەدەب ئاوێزانی ئەفسانە بوە" (حسەین،2007: 50) بەهۆی هەبونی فۆڕم و شێوازێکی بەرز، داستان لە سەردەمی کلاسیکدا بە بەرزترین ژانری ئەدەبی دانراوە و تایبەت بوە بە چینی ئەرستۆکراتییەوە. (حسین، مەولود، 2018: 16) داستان ئەو ژانرەیە، کە هەمیشە جێی بایەخی میللەتان بوە و سەنگ و پێگەی تایبەت بە خۆی هەبوە، چونکە گوزارشتیکردوە لە تایبەتمەندییەکانی گەل و مۆرکی نەتەوەیی پێوە بوە، بە جۆرێک خەڵک بۆ ئاشنابون بە کلتوری گەل و نەتەوەیەک پەنایان بۆ داستانەکانی ئەو گەل و نەتەوەیە بردوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەلانی خاوەن داستان بە ڕەسەن هەژمارکراون و ناویان بە بەرزی تۆمارکراوە.

## 1-2-پ- پەیوەندی نێوان پاڵەوان و داستان:

داستانەکان لە چەنئایین توخم پێکهاتون، هەر لە ڕوداو، شوێن و کات تا دەگاتە پاڵەوان، کە بە سەرەکیترین توخم دادەنرێت و هەمو توخمەکانی تر لە خزمەتی توخمی پاڵەواندان. پاڵەوانی داستان کەسێکە خاوەن هێزێکی سەروسروشتی و تایبەتمەندی نەتەوەییە، بە جۆرێک لەڕوی هێزی جەستەیی و دەرونییەوە خاوەنی هێزێکی پەرجوئاسا (سیحری)یە، کە لە هێزی مرۆڤی ئاسایی بەدەرە. (بکر، ئەحمەد، 2016: 17) بەڕای باختین پاڵەوانی داستانی بەهۆی سیفەتە قارەمانییەکەیەوە کامڵ بوە، چونکە پاڵەوان بۆ ئەو کردارە قارەمانییە دروستکراوە. هەروەها پاڵەوانی داستانی لە نێو مرۆڤەکاندا کەسایەتییکی ئاسایی نییە، بەڵکو کەسایەتییێکە نزیکە لە نیمچە خواوەند و خاوەن سیمایەکی بەهێز و عەقڵێکی تیژە. (Oruç, 2018: 15) هەروەها هەمو بەهاکانی ناو داستان لە کارەکتەری پاڵەوانەکەدا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە لە داستاندا پاڵەوان

تەنیا کارەکتەری ناوەندیی (مەرکەزی) بەرهەمەکە نییە، بەڵکو هەمو کارەکتەر، ڕوداو، بیرۆکەکان و بەها نەتەوەییەکان بەستراونەتەوە بە پاڵەوانەوە، بە شێوەیەک پاڵەوان خاڵی سەنتەرە و هەمو خاڵەکانی تر لەوێ یەکتر دەبڕن (Kirmitçi, 2019: 62) لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە نێوان پاڵەوان و داستاندا پەیوەندییێکی بەتین هەیە، چونکە داستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ ئەو کارانەی پاڵەوان ئەنجامیان دەدات، جگە لەمەش لە داستاندا بواری زیاتر بە پاڵەوان دەدرێت، تاوەکو پاڵەوانبونی خۆی بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنێت و دواجار وەکو پاڵەوان بناسرێت.

پاڵەوانی داستانی جۆرێکە، کۆمەڵگە ئایدیالیزە دەکات. ئەم پاڵەوانە لەپێناو ڕزگاری کۆمەڵگەدا وازی لە ژیان هێناوە و خەریکی شۆڕشگێڕی و جەنگاوەرییە. ئەمەش وای کردوە پاڵەوان توانای گۆڕینی ڕەوتی هەمو ڕوداوەکانی ناو داستانەکەی هەبێت و فۆکەس بخاتە سەر خۆی. پاڵەوان کە لە ناوەندی ڕوداوەکاندایە، لە چاوی کۆمەڵگەدا وا دەردەکەوێت، لە شوێنێکی بەختەوەر دایە. هەروەها بەکارهێنانی توخمە ئەفسانەییەکان لە پاڵەوانی داستانیدا دڵنیایی دەدات لەوەی پاڵەوان بەختەوەر دەبێت. ( Uludemirciler, 2021: 32) کاتێک باس لە پاڵەوانی داستان دەکرێت، بەزۆری بیرمان بۆ پاڵەوانێک دەچێت، کە لە توخمی نێرە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین، کە "پاڵەوانە مێینەکان لە یەکەم قۆناعی ئەفسانەییدا لە پێگەیەکی بەرزتردان بە بەراورد لەگەڵ پاڵەوانە نێرەکان. بەتایبەتی بونی خواوەندەکان و نیمچە خواوەندە مێینەکان ئەمە بە ڕونی نیشان دەدات. لە سەردەمی داستانی سەرەتاییدا ژنان کارەکتەرێکی گێڕانەوەیی بەهێزن" ( Uludemirciler, 2021: 34) هەروەها گرنگترین تایبەتمەندی داستان ئەوەیە، کە ڕوداوەکان بە گەشتکردنی پاڵەوان دەستپێدەکەن. پاڵەوان ئەم گەشتە هەم لە ڕوی فیکری، هەم لە ڕوی ڕۆحییەوە دەستپێدەکات. ئەو ڕوداوانەی پاڵەوان لەکاتی گەشتەکەیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت، وا لە پاڵەوان دەکەن بگات بە کامڵبون. ( Uludemirciler, 2021: 37) ئەوەی بۆ دەرکەوتنی پاڵەوان گرنگە، بریتییە لە گەشتکردن و ئەنجامدانی سەرچڵی، چونکە ئەم گەشتە وا لە پاڵەوان دەکات بە چەنئایین تاقیکردنەوەی سەختدا تێبپەڕێت و ئاشنای شتە نەزانراوەکانی جیهان بێت، بەمەش پاڵەوان دەگات بە سەروەری و ناوی دەچێتە ڕیزی ئەو کەسانەی بۆ هەمیشە لە یادگەی گەلدا بە زیندوی دەمێننەوە.

## 1-3- تەوەری سێیەم: ئەفسانە

### 1-3-أ- بنەچەی وشەکە:

وشەی ئەفسانە لە Mythی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ Mytosی یۆنانی. هەروەها لە زمانی عەرەبیدا وشەی (السطر)ی بۆ بەکارهاتوە، کە واتای (دێڕێک لە نوسین) دەبەخشێت و (سطور) دەبێتە (دێڕەکان) و (اساطیر) دەبێتە (چەندان دێڕ). لە قورئانی پیرۆزیشدا بە (اساطیر الاولین) هاتوە،

كە بە واتای گێڕانەوەكانی پێشینان دێت. میتۆلۆژیا دو ئاماژەی هەیە: یەكەمیان ئاماژەیە بۆ تەواوی ئەفسانەكانی كلتورێك، بۆ نمونە میتۆلۆژیای یۆنانی، یاخود میتۆلۆژیای میسری، یان میتۆلۆژیای تایبەتی هەر نەتەوەیەكی تر. دوەمیان ئاماژەیە بۆ ئەو زانستەی كار لەسەر شرۆڤەكردنی ئەفسانەكان دەكات، كە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن Mythology (فراس السواح، 2021: 113) لە فەرهەنگە كوردییەكانیشدا بۆ وێنە لە فەرهەنگی مەردۆخدا لە بەرامبەر ئەفسانەدا "راز، دەسان، سەرگوزەشت، چیرۆك" (كوردستانی، 1388: 28) بەكارهاتوە. لە فەرهەنگی خاڵدا لە بەرامبەر ئەفسانەدا "بەسەرهات و سەرگوزەشتی پڕوپوچ" (خاڵ، 1369: 18) بەكارهاتوە. لە زمانی كوردیدا وشەی ئەفسانە جگە لەوەی بۆ شتێك كە بەدەر بێت لە چاوەڕوانی و تێگەیشتنی ئێمە بەكاردێت، هەروەها بە مانای ڕوداوێكی ئەفسوناوی و ئاوەزپڕوكێن و پەرجو دێت، زیاتر لەوانەش بە واتای گێڕانەوە دێت. (ئەمین، 2015: 147)

لە كوردەواریدا كاتێك كەسێك بە زمانی قسەكردنی ئاسایی باسی ئەفسانە دەكات، زیاتر مەبەستی ئەو چیرۆك و گێڕانەوانەیە، كە دەچنە چوارچێوەی خورافە، یاخود داستانی خەیاڵی (Fable). هەروەها هەندێك لە توێژەرانی فارس لەبەر نزیكیی ڕیشەی زمانی كوردی و فارسی وشە عەرەبییەكە (حماسە) بەكاردەهێنن و ئەفسانە زیاتر بۆ خورافە و داستانی خەیاڵی بەكاردەهێنن. بەڵام لە كوردیدا لەبەر ئەوەی هەرسێ وشەی داستان، چیرۆك و سەرگوزشتەمان هەیە، بۆیە لە بەرامبەر (حماسە)ی عەرەبیش هەر ئەفسانە بەكاردێت. لێرەدا وشەی ئەفسانە "ڕەگەكەی هەرچییەك بێ و ماناكەی هەر چۆنێك لێك بدرێتەوە ئێمە بە وشەیەكی كۆنی كوردی دەزانین و هەر لە كۆنەوە لەنێو كورددا بەكار هاتوە و لەنێو فەرهەنگی سەرزارەكی و لای نەخوێندەواران و لەنێو فەرهەنگی نوسراویش لای ڕۆشنبیران پتر لە مانایەكی بۆ خۆی پەیدا كردوە" (حەسەن، 2020: 30) ئەفسانە لەبەر ئەوەی ڕەگێكی قوڵی لەنێو مێژوی مرۆڤایەتیدا داكوتاوە، بۆیە بە گۆڕانی زەمەن چەمكی ئەفسانە گوزارشتی جیاوازی هەڵگرتوە و هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەكی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ كردوە، وەك ئەوەی لەناو كورددا باوە، كە زۆرجار قسەیەكی باوەڕپێنەكراو بە ئەفسانە گوزارشتی لێدەكرێت، یاخود كەسێك خاوەنی توانایەكی سەرسوڕهێنەربێت بە ئەفسانە ناودەبرێت.

## 1-3-ب- پێناسەی ئەفسانە:

بەهۆی ئەوەی ئەفسانە بۆ سەرەتاكانی مێژوی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، بۆیە پێناسەكردنی ئەم چەمكە كارێكی هێندە ئاسان و سادە نییە، بەڵكو پێویستی بە وردبونەوە و قوڵبونەوە هەیە. میرچا ئیلیادە[iii] (1907–1986)، كە بە یەكێك لە ناسراوترین ئەفسانەناسەكانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، پێناسەیەكی تا ڕاددەیەك گشتگیری بۆ ئەفسانە كردوە و پێی وایە "ئەفسانە گوێزەرەوەی سەرگوزەشتەیەكی پیرۆز و مەعنەوییە،

گێڕەرەوەی ڕوداوێکە، کە لە زەمانێکی زو ڕویداوە" (الیادە، 1362: 12) هەروەها فراس السواح[iv] (1941–) پێی وایە ئەفسانە جۆرێکە لە ئەدەب و دەکرێت یەکێکیش بێت لە کۆنترین جۆرەکانی. دواتر دەڵێت ئەفسانە چیرۆکێکی جیاوازە لەو چیرۆکە دونیاییانەی کۆمەڵە کەسێک دەماودەم لە نێو خۆیاندا دەیگێڕنەوە، بەڵکو چیرۆکێکی پیرۆزە و تەنها لە بۆنە ئایینییەکاندا دەگێڕدرێتەوە و بابەتەکانیشی لە چوارچێوەی پرسە گەورەکاندا دەمێنێتەوە و دەخولێتەوە. (فراس السواح، 2021: 115) جۆزیف کامبڵیش[v] (1904–1987) پێی وایە "ئەفسانە ئەو دەرگا نهێنییەیە وزەی جیهانی لێوە دەردەپەڕێ، ئەو وزەیەی کۆتایی نایە و دەڕژێتە نێو دەریای کولتوری مرۆییەوە" (کامبڵ، 2020: 19) ئینجا کامبڵ پێی وایە ئەو وزەیە "لە دڵی چیرۆک و حەکایەتی منداڵان و مێرمنداڵانیشدا هەیە، ئەو چیرۆکە سادانەی باس لە جن و جانەوەر دەکەن" (کامبڵ، 2020: 20) بیل مویرز[vi] (1934–) لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ جۆزیف کامبڵی ئەفسانەناسی ئەمریکی دەڵێت: "ئەفسانە، چیرۆکی گەڕانە بەدرێژایی سەردەمەکاندا بەدوی دۆزینەوەی مانا و بەڵگە" (کەمبڵ، 2008: 31) کەواتە بیروڕاکان بۆ ناساندنی ئەفسانە جیاوازن، بەڵام هەمو ڕایەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەفسانە جۆرێکە لە چیرۆک، بەڵام جیاوازە لە چیرۆکی ئاسایی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە بەهۆیەوە دەناسرێتەوە و دەبێتە ئەفسانە.

ڕۆشنبیرانی مۆدێرنەش بە شێوەی جیاواز پێناسەی ئەفسانەیان کردوە. فریزەر[vii] (1854–1941) پێی وایە ئەفسانە تەنیا هەوڵێکی سەرەتایی و ناهونەریانەیە بۆ ڕاڤەکردنی جیهانی سروشتی. میللەر[viii] (1823–1900) ئەفسانە بە خەونوخەیاڵی شاعیرانەی سەردەمەکانی پێش مێژو لە قەڵەم دەدات و پێی وایە لەلایەن ئەوانەی دواتر هاتون، بە جوانی و دروستی درکنەکراوە. هەروەها دۆرکهایم[ix] (1858–1917) ڕای وایە، کە ئەفسانە بریتییە لە کۆگایەک لە وانەی مەجازی لەپێناوی پێکهێنانی تاک لە نێو گروپدا. یۆنگیش[x] (1875–1961) ئەفسانە وەک خەونێکی گروپ تەماشا دەکات، کە نیشاندەری خواستەکانی نمونە دێرینەکانی قوڵایی ڕۆحی مرۆڤە. کلێساش ئەفسانە وەک ئیلهامێکی خوایی بۆ بەندەکانی هەژمار دەکات. (کامبڵ، 2020: 664) ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لەنێوان ڕۆشنبیرانی مۆدێرنەش بیروڕاکان جیاوازن و هەریەکەیان بە شێوەیک و لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە پێناسەی ئەفسانەیان کردوە.

## 1-4-أ- تەوەری چوارەم: ژیاننامەی جۆزیف کامبڵ

جۆزیف جۆن کامبڵ نوسەر و ئەفسانەناسی ئەمریکی، 26ی ئازاری ساڵی 1904 لە شاری وایت پلاینز لە ویلایەتی نیویۆرک لەدایکبوە. جۆزیف یەکەم منداڵی ژن و مێردێکی ڕۆمانی کاسۆلیک بو بە ناوەکانی چارڵز و جۆزێفین، کە خێزانێکی سەر بە چینی ناوەڕاست بون. کاتێک تەمەنی حەوت ساڵان

دەبێت، ڕۆژێکیان باوکی ئەو و برا بچوکەی (چارلی) دەبات بۆ بینینی نمایشی (بافلۆ بیڵس وایڵد وێست)، جۆزیف لەو نمایشەدا بە فیگەری هیندییێکی ئەمریکیی ڕوت سەرسام دەبێت، وەک خۆی دەڵێت، هیندییە ئەمریکییەکە کەوان و تیرێکی لەدەستدا بو، نیگایەکی پڕ لە زانیاریی تایبەت لە چاوەکانیدا بو. ئەم ئێوارەیە خاڵێکی وەرچەرخان بو لە ژیانی جۆزیفدا، هەروەها باس لەوە دەکات کە زۆر کاریگەر بوە بە ئارسەر شۆپنهاوەری فەیلەسوفی ئەڵمانی. (Campbell, 2008: 425)

یەکەم هەوڵدانی تاکەکەسیی خۆی بریتیبو لە نوسینی کتێبی (پاڵەوانی هەزارڕو)، کە ساڵی 1949 بڵاوکرایەوە و بەم هۆیەشەوە یەکەم خەڵاتی لەلایەن پەیمانگای نیشتیمانی هونەر و نامە بۆ بەشداریکردن لە ئەدەبیاتی داهێنەرانە پێ بەخشرا. لەم کتێبەیدا مۆنۆمیت (تاکئەفسانەیی) دەخاتە ڕو، کە خولێکی ئەفسانەیی پاڵەوانە و باس لە چیرۆکی قارەمانانە لە هەمو کولتورێکدا دەکات و لە گەشتی پاڵەوان دەکۆڵێتەوە. دواتر دەیان وتار و چەندئایین کتێبی تر دەنوسێت. (Campbell, 2008: 429)

جۆزیف کامبڵ لە ساڵی 1987 دوای خەباتێکی کورت لەگەڵ شێرپەنجەدا، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆچی دوایی کرد. گۆڤاری نیوزویک ئاماژەی بەوەدا، جۆزیف کامبڵ یەکێکە لە دەگمەنترین ڕۆشنبیرەکانی ئەمریکا و بیرمەندێکی ڕژدە، کە لەلایەن کولتوری باوەوە لەباوەش گیراوە. دوای مردنی لە ساڵی 1988 بیرۆکەکانی لەلایەن پەخشی PBSەوە بە ناونیشانی (جۆزیف کامبڵ و دەسەڵاتی ئەفسانە لەگەڵ بیل مویرز) بە ملیۆنان خەڵک ناسێندرا. ئەم بەرنامەیە گفتوگۆیەک بو لە نێوان جۆزیف کامبڵ و بیل مویرز، کە بە شێوەی ڤیدیۆ تۆمارکراوە و ماوەی چەند ساڵێکی خایاندوە. لەم گفتوگۆیەدا بیل مویرز پرسیار دەکات و جۆزیف کامبڵیش وەڵام دەداتەوە. دواتر ئەم گفتوگۆیە کرا بە کتێبێک و لە ئێستادا بە چەندئایین زمانی جیاوز لە بەردەستی خوێنەران دایە. (Campbell, 2008: 430)

## 1-4-ب- جۆزیف کامبڵ و تیۆری گەشتی پاڵەوان:

جۆزیف کامبڵ بە یەکێک لە بونیادگەرەکانی سەر بە ڕەوتی گێڕانەوەناسی دادەنرێت، کە خاوەنی تیۆرێکە بەناوی مۆنۆمیت، یاخود گەشتی پاڵەوان. ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (پاڵەوانی هەزارڕو) ئەم تیۆرەی خستۆتە ڕو. ئەم تیۆرە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، هەر بەشێک بۆ چەند قۆناغێک دابەش دەبن. هەرسێ بەشەکە بریتییە لە حەڤدە قۆناغ، کە تێیدا باس لە گەشتی پاڵەوان دەکات، هەر لە سەرەتای چونەدەری تا ئەنجامدانی جەربەزەیی و دواتر گەڕانەوەی لەو گەشتە. ئەم گەشتەی پاڵەوان لەلایەن جۆزیف کامبڵەوە هەنگا و بە هەنگاو نەخشەی بۆ کێشراوە، بە جۆرێک بونیادێکی جێگیری بۆ هەر پاڵەوانێک داناوە، کە لە ڕێگەیەوە دەگاتە سەروەریی و گەورەیی. لێرەدا بە کورتی باسی ئەو تیۆرە دەکەین و تیشک دەخەینە سەر حەڤدە قۆناغەکانی، بۆ ئەوەی بزانین گەشتی پاڵەوان چییە.

قۆناغی یەکەمی ئەم گەشتە بریتییە لە بانگهێشتکردنی پاڵەوان بۆ جەربەزەیی. لێرەدا داوا لە پاڵەوان دەکرێت، گەشتێک ئەنجام بدات و پێویستە پاڵەوانیش بەدەم ئەم داواکارییەوە بچێت. بە زۆری وایە پاڵەوان لە ڕێگەی خەونەوە ئەم بانگهێشتەی پێ دەگات.

قۆناغی دوەم بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو بانگهێشتەی بۆ پاڵەوان دێت، واتە پاڵەوان ئەم بانگهێشتە ڕەتدەکاتەوە و بەدەمیەوە ناچێت، ئەمەش وادەکات پاڵەوان دوچاری نەهامەتی ببێتەوە و خواکان خەشمی لێ بگرن و بەڵایەکی بەسەر بهێنن.

قۆناغی سێیەم بریتییە لەو یارمەتییە غەیبییانەی لەکاتی ئەم گەشتە بە پیر پاڵەوانەوە دێن و یارمەتی دەدەن، تاوەکو بەسەر ئاستەنگەکاندا سەرکەوێت.

قۆناغی چوارەم بریتییە لە چونەدەرەوەی پاڵەوان لە سنوری زانراوی خۆیەوە بۆ سنورێکی نەزانراو.

قۆناغی پێنجەم بریتییە لە ونبونی پاڵەوان لەو شوێنە نەزانراوەی بۆی چوە، وەک ئەوەی کەوتبێتە ناو سکی نەهەنگێکەوە.

قۆناغی شەشەم بریتییە لە خۆدۆزینەوەی پاڵەوان و ئاشنابون بەو شوێنەی بۆی چوە، بە جۆرێک دەتوانێت ڕێگایەک بۆ دەربازبون بدۆزێتەوە.

قۆناغی حەفتەم بریتییە لە گەیشتنی پاڵەوان بە خواژن و جێبەجێکردنی دواکارییەکانی، ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی دڵی خواژن.

قۆناغی هەشتەم بریتییە لە دەربازبونی پاڵەوان لە خواژن و هەمو ئەو هەستە وروژێنەرانەی بەهۆی خواژنەوە دوچاری بوەتەوە.

قۆناغی نۆیەم بریتییە لە ئاشتەوایی لەگەڵ باوک، بە جۆرێک پاڵەوان خۆی لە هەستەکانی منداڵی دادەماڵێت و بە باوکی نیشان دەدات، کە ئەو ئیتر هاتۆتە سنوری گەورەکان و ئامادەی ئەرکە قورسەکانە.

قۆناغی دەیەم بریتییە لە بەخوابونی پاڵەوان و گەیشتنی بە سەروەری. واتە یەکێتیبون.

قۆناغی یازدەم بریتییە لە گەیشتنی پاڵەوان بە ئامانجی گەشتەکە و بەدەستهێنانی ئەو شتەی لە پێناویدا گەشتی کرد.

قۆناغی دوازدەم بریتییە لە ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە لەلایەن پاڵەوانەوە، ئەمە لە کاتێکدایە گەشتەکەی کۆتایی هاتوە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتبو، بەڵام پاڵەوان نایەوێت بگەڕێتەوە.

قۆناغی سێزدەم بریتییە لە هەڵهاتنێکی جادوانەی پاڵەوان لەدەست ئەو هێزانەی دوای پاڵەوان کەوتون، بۆ ئەوەی نەهێڵن بگەڕێتەوە، بەڵام پاڵەوان بە شێوەیەکی سیحرئامێز لەدەست ئەم هێزە ئاسمانییانە ڕادەکات و دەیەوێت بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوە.

قۆناغی چواردەم بریتییە لە یارمەتیدانی پاڵەوان لەلایەن هێزی دەرەکییەوە، بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی.

قۆناغی پازدەم بریتییە لە تێپەڕبونی پاڵەوان بەو دەروازەیەی پێشتر پێیدا هاتبو، واتە پاڵەوان ئەمجارە بە پێچەوانەوە لە شوێنە نەزانراوەکە (جیهانی خواکان) تێدەپەڕێت بەرەو شوێنە زانراوەکەی خۆی (جیهانی مرۆیی).

قۆناغی شازدەم بریتییە لە باڵادەستبونی پاڵەوان بەسەر هەردو جیهانی خوایی و جیهانی مرۆیی، چونکە لە جیهانی خواییەوە هاتۆتەوە بۆ جیهانی مرۆیی، بۆیە شارەزای هەردو جیهانە.

قۆناغی حەڤدەم بریتییە لە دەرکەوتەی ئەنجامی گەشتی پاڵەوان، کە لە ئەنجامدا دەبێتە سیمبولی چاکە (کامبڵ، 2020: 99–434) بەم شێوەیە گەشتی پاڵەوان دەبێتە بازنەیەک و لە خاڵی سەرەتاوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە خاڵی کۆتایی.

## 1-4-پ- تیۆری گەشتی پاڵەوان و پەیوەندی بە دەقی ئەدەبییەوە بە تایبەت داستان:

تیۆری گەشتی پاڵەوان وەک لە ناوەکەیدا دیارە، تیۆرێکە کار لەسەر پاڵەوان دەکات، بە واتایەکی دیکە دەپرژێتە سەر ئەو کارانەی، کە پاڵەوان ئەنجامیان دەدات و بەو هۆیەش لە خەڵکی ئاسایی جیای دەکاتەوە. (جۆزیف کامبڵ) بونیادێکی جێگیری بۆ بون بە پاڵەوان داڕشتوە، ئەم بونیادەش پێکدێت لە حەڤدە قۆناغ. ئەو لە ڕێگەی دانانی ئەم تیۆرەوە پێی وایە بونی کەسێک بە پاڵەوان لە چوارچێوەی ئەو قۆناغانەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام مەرجیش نییە هەمو پاڵەوانێک بە کۆی ئەم حەڤدە قۆناغانەدا تێپەڕبێت، بەڵکو دەکرێ پاڵەوانێک زیاتر و یەکێک کەمتر دوچاری ئەم قۆناغانەی گەشتەکە ببێتەوە. جۆزیف کامبڵ ئەفسانە و چیرۆکی قارەمانی جیهانی بەکاردەهێنێت بۆ ڕونکردنەوەی گەشتی پاڵەوان، ئەو ئەفسانەی یەکمەودایی (مۆنۆمیت) وەک نەخشەیەک پێناسە دەکات، کە بۆ هەمو گەشتەکانی پاڵەوان بەکاربهێنرێت. (Sultan, 2022: 13)

لێرەدا پێویستە بپرژێینە سەر دەقی ئەدەبی و باس لەو پەیوەندییە بکەین، کە ئەم تیۆرە و دەقی ئەدەبی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. سەرەتا دەقی ئەدەبی بریتییە "لەو کارانەی لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا بە شێوەی بینراو، بیستراو، زارەکی یان چاپکراو بەرهەمدێن. وەک شیعر، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان، قەسیدە...هتد" (المناصرة، 2006: 137) یاخود "دەقی ئەدەبی فۆڕمێکی بەرجەستەکراوە، کە ڕوخسار و ناوەرۆکێکی پتەوی هەیە و نوێنەرایەتی خەیاڵ و هەست و سۆزی نوسەر دەکات، توخمی ڕابردو و ئێستا و داهاتوی لە خۆ گرتوە" (مەلازادە، 2021: 79) لێرەدا دەقی ئەدەبی چەمکێکی گشتییە و هەمو دەقە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە،

بۆیە پێویستە وردتر ببینەوە و لە نێو دەقی ئەدەبیشدا دەستنیشانی ئەو جۆرە دەقانە بکەین، کە لەگەڵ ئەم تیۆرەدا هاوئاهەنگن.

بە گشتی تیۆری گەشتی پاڵەوان پێویستی بە دەقەکێکە پاڵەوانی تێدا بێت و ئەم پاڵەوانەش گەشتێک بکات و هەندێک جەربەزەیی ئەنجام بدات و دواتر بە پەیامێکەوە بگەڕێتەوە. ئینجا ئەم گەشتە چ ماددی بێت چ مەعنەوی. ئەگەر سەیری دەقە ئەدەبییەکان بکەین و سەرنج بخەینە سەر ئەو دەقانەی، کە پاڵەوانیان تێدا بەرجەستە دەبێت، دەبینین ئەو دەقانە بریتین لە: داستان، بەیت، چیرۆک، ڕۆمان. لەم دەقە ئەدەبییانەدا پاڵەوان هەیە، بەڵام پێویستە پاڵەوانی ئەم دەقە گەشتێک بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت قۆناغەکانی گەشتەکەی لەسەر پراکتیزە بکرێت.

ئێمە لەم کارەماندا داستانمان وەکو سنوری کارکردن هەڵبژاردوە، چونکە لە داستاندا ئەفسانە ڕۆلی هەیە و "کەرەسەیەکی سەرەکییە لە داڕشتنی زۆربەی داستانەکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە داستان تا سود لە ئەفسانە وەربگرێت ئەوەندە بەرزو باڵاتر دەبێت و چێژی زیاتر دەبەخشێت. (حسین، مەولود، 2018: 20) هەروەها لە داستاندا پاڵەوان ڕۆلی سەرەکی هەیە، چونکە "ڕەگەزی هەرە سەرەکی داستان قارەمان یان پاڵەوانە" (بکر، ئەحمەد، 2016: 17) بۆیە داستان بە یەکێک لە گونجاوترین دەقە ئەدەبییەکان دادەنرێت، کە هاوئاهەنگە لەگەڵ تیۆری گەشتی پاڵەوان. هەروەها بە سەرنجدان لەو کارانەی لەسەر ئەم مژارە ئەنجام دراون، بۆمان دەرکەوت زۆربەیان لەسەر ئەو دەقانەن، کە داستان یان ئەفسانەن، یاخود ئەو دەقانەن، کە پاڵەوان تێیدا ڕەگەزی زاڵە[xi]، بۆیە لەم سۆنگەیەوە داستانمان کردە سنوری توێژینەوەکەمان و تیۆری گەشتی پاڵەوانمان لەسەر پراکتیزە کرد.

## 2- بەشی دوەم: پراکتیزەکردنی تیۆری گەشتی پاڵەوان بەسەر داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا

لەم بەشەدا تیۆری گەشتی پاڵەوان بەسەر داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا پراکتیزە دەکرێت. سەرەتا پوختەی داستانەکە بۆ بەرچاوڕونی خوێنەر دانراوە، دواتر بە شێوەیەکی پەیژەیی بۆ هەر قۆناغێکی ئەم تیۆرە، نمونە بە دێڕە شیعرەکانی داستانەکە هێنراوەتەوە.

### 2-1- تەوەری یەکەم: پوختەی داستانی شێخی سەنعان "دەستنوسە هەورامییەکە"

بەپێی ئاگاداری ئێمە لەناو کورددا تاوەکو ئێستا سێ دەستنوسی داستانی شێخی سەنعان بە شێوەی هۆنراوە (نظم) هەن. یەکەمیان داستانی شێخی سەنعانە بە زاری کرمانجی، کە فەقێی تەیران[xii] نوسیویەتی. دوەمیان داستانی شێخی سەنعانە بە زاری کوردیی ناوەند (سۆرانی)، کە حاجی مەلا عەبدوسسەلام حەیدەریی[xiii] نوسیویەتی. سێیەمیان داستانی شێخی سەنعانە بە هەورامی، کە سەید ڕەحمەتوڵڵا[xiv] نوسیویەتی و نامق هەورامی ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کردوە. هەرسێ دەستنوسەکە بەگشتی یەک

ناوەرۆکیان هەیە، تەنها ئەوە نەبێت، لە هەندێک ڕودای نێو دەستنوسەکان جیاوازی هەیە. بۆ نمونە لە دەستنوسەکەی فەقێی تەیران و حاجی مەلا عەبدوسسەلام حەیدەرییدا شێخی سەنعان و کچەی تەرسا دەمرن، بەڵام لە دەستنوسەکەی سەید ڕەحمەتوڵڵا هەردوکیان زەماوەند دەکەن، جگە لە گۆڕانی ژمارەی موریدەکانی شێخ و چەند شتێکی تر. ئەم داستانانە ئەگەرچی لاساییکەرەوەی داستانی شێخی سەنعانی عەتتاری نیشابورین، بەڵام کتومت وەک ئەو نین و گۆڕانکارییان تێدا کراوە و شێوازی چنین و داڕشتن و جۆری دەربڕینەکان وا دەکەن، کە مۆرکێکی کوردی بەخۆیانەوە بلکێنن، ئەمە وێڕای چنینی زمانەکە بە زاری جیاوازی کوردییەوە زیاتر هزری کوردی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات.

داستانی شێخی سەنعانی هەورامی، باسی شێخێکی زاهیدە، کە تەرکی دونیای کردوە و دایم خەریکی عیبادەتە. شێخی سەنعان چل ساڵ لەگەڵ چوارسەد مورید لە مەسجیدولحەرام خەریکی خواپەرستی بو. لەبەر ئەو غرورەی دوچاری ببو، شەوێک شێخ خەونێکی سەیر دەبینێت. لە خەویدا بینی لەگەڵ موریدەکانی گەشت دەکات بەرەو وڵاتی ڕۆم و لە پەرستگەیەکی ئەم وڵاتە سوجدە بۆ بتەکان دەبات. کاتێک بێداردەبێتەوە و خەونەکەی بیردێتەوە، سەری سوڕدەمێنێت و نازانیت چییە، موریدەکانی خۆی کۆدەکاتەوە و خەونەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. دواتر لەگەڵ چل لە موریدەکانی گەشتێک بۆ وڵاتی ڕۆم دەکەن. کە گەیشتن، ڕۆشناییێکی لە قەڵایەکەوە بینی و بەرەو ڕۆشناییەکە ڕۆیشتن، شێخ خۆی گەیاندە قولەی قەڵاکە و وتی: ئەمە ئەو شوێنەیە لە خەونەکەمدا بینیومە. لەوێدا شێخ داوای دیداری کچی تەرسای لە ڕەهبانێک کرد و ئەویش داواکارییەکەی گەیاندە کچەکە و پێی گوت، شێخێکی موسڵمانان داوای دیداری تۆ دەکات. کاتێک کچی تەرسا هاتە دیداری شێخ و ڕوبەڕوی یەکتر بونەوە، هەر لەوێدا شێخ باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ کچەکە کرد و عاشقبونی خۆی بۆ کچەکە بەیان کرد. کچی تەرساش بە پێکەنینەوە بە شێخی ڕاگەیاند، کە تازە عیشق بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەماوە و پێی گوت، بگەڕێوە دەنا ڕیسوا دەبیت و ناوت دەزڕێت. بەڵام شێخ ئەمەی پێ ئاسایی بو و وتی قەینا با لە ڕێگای عیشقی تۆدا ناوم بزڕێت و هەمو دونیا بزانێت من عاشقی تۆ بوم. کچی تەرساش پێی گوت، من و تۆ ناتوانین بەیەکەوە بین، ئاخر تۆ پیرێکی موسڵمان و منیش لاوێکی گاور، پێم ناڵێیت چۆن بەیەکتری دەگەین! بەڵام شێخ وەک ئەوەی گوێی لەم قسانە نەبوبێت وتی، تازە من دێوانەی تۆ بوم و لەبەر تۆ پشتم لە کەعبە و ڕوم لە بتخانە کرد. من ئیتر قوربانی عیشقی تۆم. (خەزنەدار، 2010: 175)

کچی تەرســـا کە زانی تازە شـــێخ بەتەواوی گیرۆدەی داوی عیشـــقی ئەو بوە، پێی گوت، ئەگەر دەتەوێت بگەی بە مورادت، دەبێ ئەم کارانە بکەیت:

- مەی بنۆشە.
- قورئان بسوتێنە.

- ببە بە شوانی بەرازەکانم.
- واز لە ئایینی موحەممەد بێنە و وەرە سەر ئایینی عیسا.

شێخ بە هەمو داواکارییەکانی ڕازی دەبێت و ئەنجامیان دەدات. کاتێک موریدەکانی ئەم حاڵەی شێخ دەبینن، ناتوانن چیتر لەگەڵی بمێننەوە و ناچار ڕێی کەعبە دەگرنەبەر و دەگەڕێنەوە. کاتێک دەگەنەوە کەعبە، یەکسەر دەچن بۆ لای خەلیفە و تەواوی باسەکەی بۆ دەگێڕنەوە. کاتێک لە باسەکە دەبنەوە، خەلیفە دەست بە دوعا و پاڕانەوە دەکات و داوا لە خودا دەکات هیدایەتی شێخ بدات. خەلیفە هەر بەمە ناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ چل لە موریدەکانی بەرەو وڵاتی ڕۆم دەڕوات، بۆ ئەوەی هەواڵی شێخ بزانێت. کاتێک دەگەن بە شوێنی مەبەست، دەبینن شێخ خەریکی لەوەڕاندنی بەرازەکانە و زناری[xv] بەستوە. خەلیفە پێی دەڵێت بۆچی وازت لە ئایینی ئیسلام هێناوە و بویتە بتپەرست، شێخیش پێی دەڵێت، ئایین و ئیمانی من ئایین و ئیمانی دولبەرەکەمە و جامێک ئاو بە دەستی دولبەرەکەم بۆ من لە ئاوی کەوسەر گرنگترە. ناچار خەلیفە و موریدەکانی لەوێ دەمێننەوە و دایم دوعا بۆ شێخ دەکەن، بۆ ئەوەی لەم بەڵایە ڕزگاری ببێت. دواجار خوای گەورە هیدایەتی شێخ دەدات. بۆیە شێخ زنار فڕێدەدات و لەگەڵ خەلیفە و موریدەکان بەرەو مەککە دەگەڕێتەوە و دوبارە موسڵمان دەبێتەوە. کاتێک کچی تەرسا بەمە دەزانێت، ئەویش ملی ڕێگا دەگرێتە بەر و شوێن شێخی سەنعان دەکەوێت تا دەگاتە مەککە، هەر لەوێدا موسڵمان دەبێت و شەهادە دەهێنێت. دوای ئەمە کچەکە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی و هەمو بتەکان دەشکێنێت و هەمو خەڵکەکە موسڵمان دەبن. ئینجا شێخی سەنعان و کچەی تەرسا بەیەک دەگەن و زەماوەند دەکەن (هەورامی، 2018: 31)

## 2-2- تەوەری دوەم: قۆناغەکانی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ

ئەم تیۆرە لە سێ بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم لە پێنج قۆناغ پێکهاتوە، بەشی دوەمیش لە شەش قۆناغ و بەشی سێیەمیش لە شەش قۆناغ پێکهاتوە، کە بە تێکڕا حەڤدە قۆتاغ لەخۆ دەگرن.

### 2-2-أ- بەشی یەکەمی تیۆری گەشتی پاڵەوان: کەوتنەڕێ Departure[xvi]

کەوتنەڕێ بریتییە لە بەشی یەکەمی تیۆری گەشتی پاڵەوان، کە بە چونەدەرەوەی پاڵەوان لە ماڵ دەستپێدەکات. ئەم بەشە بە سەرەتای گەشتەکەی پاڵەوان دادەنرێت و پێنج قۆناغ لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

### 2-2-أ-1- بانگەشەکردن بۆ جەربەزەیی The Call to Adventure

ئەمە بە یەکەم قۆناغی گەشتی پاڵەوان دادەنرێت، کە لێرەدا پاڵەوان بانگهێشتی جەربەزەیی دەکرێت. ئەم هەنگاوە سەرەتا بە هەڵەیەک دەست پێ دەکات، کە وا پێدەچێ بەڕێکەوت ڕوبدات، جیهانێکی چاوەڕوان

نەكراو ئاشـكرا دەبێت. كەسـێک لەگەڵ هێزێكی نەناسـراودا پەیوەندی پەیدادەكات، كە بە چاكی سـەری لێ دەرناكات. لەم قۆناغە سـەرەتاییەدا ڕەنگە پاڵەوان بە حەز و ئارەزوی خۆی ڕێگای ئەم جەربەزەییە بگرێتەبەر، یان دەكرێت بەهۆی ئەنجامدانی كارێكی باش یان خراپ، لەلایەن یەكێكەوە نێردرابێت، بۆ ئەوەی كارێک ئەنجام بدات. جەربەزەیی ڕەنگە لە هەڵەیەكی زۆر سادەوە سەرهەڵبدات، یان ڕەنگە كەسێک بە ڕێگادا بڕوات و هەندێ دیاردەی سـەرەڕێ بێ ئامانج بێنە بەر چاوی و لەگەڵ خۆیاندا بەرەو شـوێنە دورەكانی ببەن. لێرەدا ئەوەی بانگەشەی پاڵەوان دەكات، چارەنوسە سەنتەری ڕۆحی پاڵەوان بۆ شوێنێكی نەناسـراو دەگوازێتەوە، وەک وڵاتێكی دور، دارسـتانێک، مەملەكەتی ژێرزەوی، لوتكەی چیایەكی بەرز، یان وڵاتێک كە لە ناخی خەونەكانەوە دەركەوتوە. (كامبڵ، 2020: 99–113)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەمەیان بریتییە لە یەكەمین قۆناغ. سەرەتا شێخی سەنعان لە ڕێگەی خەونەوە بانگهێشتی ئەم گەشتە دەكرێت:

*شی نەجامەی خاب چون هەردەجاران*

*دیش نەخەودا چەنی گشت یاران*

*راگەی شار رۆم گرتەنەش نەوەر*

*بەسۆز مەگێڵۆ پەی ئایین دڵبەر* (هەورامی، 2018: 50)

شـێخی سـەنعان شـەوێكیان دوای ڕۆیشـتی بۆ ناو جێخەوەكەی و نوسـتنی، لە خەودا بینی لەگەڵ موریدەكانی ڕێگەی وڵاتی ڕۆمی گرتۆتەبەر و لەوێدا بەدوای كچێكی مەسیحییەوە وێڵ بوە. ئەمە سەرەتای بانگەشـەی شـێخی سـەنعانە بۆ جەربەزەیی، كە لە ڕێگەی خەونەوە بانگهێشـتەكەی پێ ڕاگەیێنراوە. لە ڕوانگەی تەسـەوف و عیرفانییەوە خەون جۆرێكە لە كەرامەت (شـكۆمەندی). هەروەها خەون خەیاڵ و وەهمێكە لە دڵی مرۆڤەكاندا جێگیر دەبێت. كاتێک مرۆڤ سـنوری هەسـتكردن بەجێدەهێڵێت و دەخەوێت، توانای تێگەیشتن و هەستكردنی ئەو شتانە لەدەست دەدات، كە سەر بە سنوری هەستكردن و مادئایین. جگە لەمەش جۆرە هەوایەک لەكاتی خەوتندا دەچێتە ناو دڵی مرۆڤەوە، ئینجا ئەم هەوایە هەندێكجار لە شـەیتانەوەیە، هەندێكجار لە فریشـتەوەیە، هەندێكجاریش فێركاریی خودایە. (Erginli, 2006: 846) ئەگەر لەو ڕوانگە عیرفانییەوە سەرنج بدەینە خەونەكەی شێخی سەنعان دەكرێ ئەم بانگهێشتەی شێخی سەنعان هەوایەک بێت لە شـەیتانەوە، بە مەبەسـتی فریودانی شـێخ و بەتاڵكردنەوەی كەرامەتەكانی، یاخود دەكرێ لەلایەن خوداوە بوبێ، تاوەكو شـێخی سـەنعان لەو خۆبەزلزانینە داماڵێت، كە بەهۆی پەرسـتشـە زۆرەكانییەوە بەرۆكی گرتبو و پێی وابو كەس لەو زاهدتر نییە.

خەون لە ئیسـلامدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بۆیە ئایینی ئیسـلام خۆی لە پێناسـەکردنی ئەم دیاردەیە نەبواردوە. لە ڕوانگەی ئیسـلامەوە خەون دابەش دەبێت بۆ سـێ جۆر: خەونی ڕەحمانی (ڕاسـت) جۆرە خەونێکە کە لە کتێب و فەرمودە پیرۆزەکاندا جەختی لەسەر کراوە و توخمگەلێکی میتافیزیکی تێدایە، بە جۆرێک ئەو کەسـەی دەیبینێت، دەتوانێت بیکاتە کەتوار (واقع). خەونی شـەیتانی جۆرە خەونێکە زیاتر پێشـنیازی ئەوەی بۆ دەکرێت، کە پشـتگوێ بخرێت، چونکە زیاتر بە نادروسـت هەژمار دەکرێت. خەونی نەفسـانی (ڕۆحی) جۆرە خەونێکی ئاسـاییە، کە مرۆڤ بەهۆی کاریگەریی ژیانی ڕۆژانەوە دەیبینێت. لەو سێ جۆرە خەونەش، لە ئیسلامدا زیاتر خەونی ڕەحمانی جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانە. (Akot, 2011: 45) شێخی سەنعان بەهۆی ئەوەی زاهدێکی موسڵمان بوە، بۆیە دەکرێت، لە ڕوانگەی خەونناسیی ئیسلامییەوە شـرۆڤەی خەونەکەی بکرێت. ئەگەر سـەرنجی خەونەکەی شـێخ بدەین، دەتوانین بڵێین، ئەو خەونەی شـێخ بینیویەتی دەچێتە ڕیزی خەونی ڕەحمانی، چونکە دواجار خەونەکەی شـێخ وەڕاسـت گەڕا و وەک چۆن خەونی دیتبو، هەر وای بەسـەرهات. لە لایەکی دیکەوە هەندێک جار ئیلهام و خەون لێک نزیک دەبنەوە، بەتایبەتی لە جیهانی تەسـەوف و عیرفاندا ئیلهام ڕاسـتەوخۆ خوا دەیخاتە دڵی مرۆڤ بەبێ بەکارهێنانی فریشتەکان، چونکە "ئیلهام ئەوەیە کە لە ڕێگەی فەیزەوە دەخرێتە گیانەوە، یاخود ئەو زانستەیە کە دەخرێتە دڵەوە و بێ بەڵگە هێنانەوە بە ئایەتێک و سـەیرکردنی بەڵگەیەگ داوای کارکردن دەکات.. ئیلهام قۆناغی ڕێبوارە سەرەتایەکانە و لە کەسناسی بەرزترە و هەندێ جار شێوەی وەحی و هاوشانی بیستنە و هەندێ جاری دیکەش بەهۆی خەونەوە پەیدا دەبێ و جاری واش هەیە بە دڵبینی لە وشـەکانی باباتاهیر هاتوە کە ئیلهام بریتییە لە هاویشـتنی چاکە یان خراپە لە دەرون و نهێنیترین کاروباری دڵی بەندەیە، کەسـێ کە نوری ئیلهام لە دڵی بدرەوشێتەوە بە کەسناسی و فەراسەتی خۆی کاروباری غەیبی پەیدا دەکات" (شوان، 2010: 44)

شێخی سەنعان دوای بێداربونەوەی بەدوای ئەم بانگهێشتە دەکەوێت و قبوڵی دەکات:

*سەنعان ئێد شنەفت خێزا بەدڵشاد*

*واتش ئەی یاران هەر چ بادا باد*

*جە کەعبەی شەریف هیمەتخاهی کەرد*

*چەنی موریدان رو بەڕا ئاوەرد* (هەورامی، 2018: 50)

کاتێک لە خەو بێداربویەوە، چوە لای موریدەکانی و خەونەکەی بۆ گێڕانەوە. ئیتر شـێخی سـەنعان لە کەعبەوە ڕێگەی وڵاتی ڕۆم دەگرێتەبەر و گەشتەکەی دەست پێ دەکات. گەشتەکەی شێخی سەنعان لە

خەونێکەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە گەشتەکەی لەسەر بنەمای خەونێکە و پاڵەوان هەوڵدەدات خەونەکەی بکاتە کەتوار (واقع).

## 2-2-أ-2- ڕەتکردنەوەی بانگەشە Refusal of the Call

ئەمەیان قۆناغی دوەمە. ڕەتکردنەوەی بانگەشـــە بریتییە لە دەســـتهەڵنەگرتن لەو شـــتانەی بە لای مرۆڤەوە گرنگن. وا ڕێکدەکەوێت هەندێکجار پاڵەوان ڕەتی بانگهێشـــتەکەی دەکات بۆ جەربەزەیی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بانگهێشتەکەی بەلاوە سەرنجڕاکێش نییە و دواجار پشتگوێی دەخات، ئەم پشتگوێخستنەش دەبێتە هۆی گۆڕانی جەربەزەیی بۆ حاڵەتێکی نەرێنی. دوای ڕەتکردنەوەی بانگەشـــە، ئاڵۆزترین بارودۆخ دێتە ئاراوە، بەڵام لە ناخی هەمان ئەو بارودۆخە ســـەختەدا، پاڵەوان دوچاری هێزێکی ڕزگارکەر دەبێتەوە، کە لەو بارودۆخە ناهەموارەدا بەهانایەوە دێت. (کامبل، 2020: 114–130)

لە داستانی شـێخی سـەنعاندا ئەم قۆناغە نابینرێت، بە واتایەکی تر لەم داستانەدا پاڵەوان دوچاری هیچ بانگەشـەیەکی وا نابێتەوە، کە ڕەتی بکاتەوە، ئەمەش دەکرێ بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی خەونەوە بێ، کە کەســی خەونبین حەز دەکات مانای خەونەکەی خۆی بزانێت و دوای پەیامی خەونەکە بکەوێت، چونکە لە ئاییني ئیســـلامدا خەونی کەســـانی زاهد پەیامدارە و پێویســـتە کەســی خەونبین شـــوێن بانگەشـــەی خەونەکەی بکەوێت. هەروەکو خەونەکەی حەزرەتی ئیبراهیم، کاتێک لەخەودا بینی ســــەری ئیســــماعیلی کوڕی دەبڕێت، دوای بێداربونەوە خەونەکەی بۆ ئیسماعیل گێڕایەوە و ئەوەیش بە باوکی وت، ئەوە ئەنجام بدات، کە لە خەودا بینیویەتی، چونکە ئیســــماعیل دەیزانی خەونی پێغەمبەر ئیبراهیمی باوکی جۆرێکە لە ئیلهام (وەحی) لەلایەن خوداوە، بۆیە گومانی لە ڕاســـتی خەونەکە نەبو. ئەم دیمەنەش لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕونی باسکراوە[xvii].

## 2-2-أ-3- یارمەتیی غەیبییانە Supernatural Aid

ئەم قۆناغە بریتییە لە سێیەمین قۆناغ و دەستپێکی گەشتی پاڵەوان. کاتێک پاڵەوان بەپیر بانگەشەوە دەچێت و ڕەتی ناکاتەوە، کەواتە لێرەدا گەشتەکەی دەست پێ دەکات. لە سەرەتای ئەم گەشتەیدا ڕوبەڕوی بونەوەرێکی پارێزەر دەبێتەوە، کە زۆر جار لە شـێوەی پیرەژنێکی ناشـرین یان پیرەمێردێک دەردەکەوێت. ئەم بونەوەرە پارێزەرە تەلیسمێک بە پاڵەوان دەبەخشێ، تا لە بەرامبەر هێزی ئەو دێوەی دێتە سەرڕێگای، بیپارێزێت و ڕێگەی بۆ خۆش بکات، بۆ ئەوەی بڕوات و بەردەوامی بە گەشـــتەکەی بدات. ئەم بونەوەرە یارمەتیدەرە جا چ شـوان، ئاسـنگەر، مامۆسـتا، کەشـتییەوان، یان ڕێنوێنیکەری ڕۆحی بێت، هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ئەو ئامرازانەی، کە پاڵەوان لە گەشتەکەیدا پێویستی پێیەتی. (کامبل، 2020: 131–145)

لە داســتانی شــێخی ســەنعاندا ئەم قۆناغە نابینرێت، بە واتایەکی دی لەم داســتانەدا پاڵەوان بەبێ یارمەتی غەیبییانە ڕێگا تەی دەکات و بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات، کە مەبەستی گەشتەکەیەتی.

## 2-2-أ-4- تێپەڕبون بە یەکەمین تەگەرەدا The Crossing of the First Threshold

ئەمەیان بریتییە لە قۆناغی چوارەم، کە پاڵەوان لەم قۆناغەدا ڕوبەڕوی یەکەمین تەگەرە دەبێتەوە. یەکەمین تەگەرە بریتییە لە یەکەمین هەنگاو بەرەو ناوچەی پیرۆز و ســـەرچاوەی گەردون. لێرەدا پاڵەوان لە ســـنوری زانراوی خۆیەوە، کە مەنزڵگای خۆیەتی، بۆ ســـنورێکی نەزانراو و مەنزڵگایەکی تر هەنگاو دەنێت، وەک ئەوەی لە دەرگایەکەوە بچێتە ژورەوە، کە نازانێت لەودیو دەرگاکە دوچاری چی دەبێت، بۆیە جەربەزەیی لە هەمو شوێن و کاتێ هەمیشە بریتییە لە تێپەڕبون لە شوێنە زانراوەکان بەرەو نەزانراوەکان. (کامیل، 2020: 146-166)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە بریتییە لە سێیەم هەنگاو بۆ چون بەرەو شوێنی مەبەست. کاتێک شـــێخی ســـەنعان ڕێگا دەبڕێت و دەگاتە نزیکی ئەو شـــوێنەی گەشـــتی بۆی کردوە، لە دورەوە ڕوناکییێک دەبینێت، کە هەمان ئەو شـــوێنە بوە لەخەودا دیبوی. بۆیە لەگەڵ موریدەکانی هەنگاو دەهاوێژن بۆ ئەوەی بچنە نێو ئەم شوێنە نەزانراوە.

*موریدا وتن ئەی شێخ ساڵار*

*قەڵاچەی عەزیم جە دور دا دیار*

*هۆرێزە بشین وە پای قەڵاوە*

*بەو قەڵای عەزیم دور جە بەڵاوە*

*سەنعان ئێد شنەفت هۆریزا وەپا*

*چەنی موریدان رو نیا بەڕا* (هەورامی، 2018: 52)

لێرە شـــێخی ســـەنعان هەنگاو دەنێتە نێو قەڵاکەوە، کە بۆ ئەو شـــوێنێکی نەزانراوە و یەکەمین تەگەرەیە دوچاری پاڵەوان دەبێتەوە. بەمەش "پاڵەوان جەربەزەیی دەنوێنێ و لە دنیایەکی ئاشـــنا بەرەو تاریکایی و نادیار دەڕوات" (عەباس، 2006: 169) چونکە هەنگاونان بۆ شـــوێنێکی نەزانراو ئازایەتی دەوێت و ئەو کارە هەر لە کەسی پاڵەوان چاوەڕوان دەکرێت.

بەگشتی هەنگاونان بۆ چون بەرەو ئەودیو دەرگا و بۆ ئەو شـوێنەی نەزانراوە، یەکێکە لە کاری پاڵەوانانە، چونکە هەمو کەسـێک ناتوانێت ئەو کارە بکات، تەنها کەسـی پاڵەوان نەبێت، کە دەیەوێت جەربەزەیی بکات و "ســـەنتەری ژیانە ڕۆحییەکەی خۆی کە کۆمەڵگەیە، بگوازێتەوە بۆ شـــوێنێکی نادیار" (عەباس، 2006: 160) بەتایبەتی بۆ گەشـــتێک کە پێچەوانەی داب و نەریتی کۆمەڵگەیە و بۆ کارێک، کە لە کەســـایەتیی

پاڵەوان ناوەشـــێتەوە و جۆرێک لە ســـەرکێشـــیی و جەربەزەیی تێدایە. چ لەو ڕووەوەی، کە پێچەوانەی بیروڕاکانی پێشویەتی لە لایەک و لەلایەکی تریش دەوروبەر ئەمە بە دەرچون لە یاسا و ڕێسای کۆمەڵگە و ئایین دەزانێ، بۆیە ســەرکێشــیکردن لەو بارەدا و زاتکردن و جەربەزەیی نیشــاندان و بڕیاردان بۆ ئەو هەنگاوە هەر لە خودی پاڵەوان دەوەشێتەوە، نەک کارەکتەری ئاسایی.

## 2-2-أ-5- ناوسکی نەهەنگ The Belly of the Whale

ئەمەیان قۆناغی پێنجەم و کۆتا قۆناغی بەشی یەکەمە. لەم قۆناغەدا پاڵەوان لەجیاتی ئەوەی بەسەر هێزەکانی دەروازەدا سەرکەوێ، یان ڕازیبونیان بەدەستبهێنێت، لەلایەن شتێکی نەناسراوەوە قوت دەدرێ و وادەزانرێ مردوە. ئەم ناوسکی حوتە تێپەڕبونە بە دەروازەی سیحریدا، ئەمەش چونە بەرەو لەدایکبونێکی تر. واتە ناوسکی نەهەنگ وەک منداڵدانی جیهان ئاماژەی بۆ کراوە. پاڵەوان لەم قۆناغەدا بەرەو ناوەوەی خۆی دەڕوات، وەک ڕۆیشتنی خواپەرست بۆ ناخی پەرستگە، بۆ ئەو شوێنەی وەبیری دێنێتەوە ئەو کێیە و چییە. کەواتە چ ناخی پەرستگە چ ناوسکی حوت، هەر یەکن. دەروازە و دەرگای پەرستگاکان هەمیشە لەلایەن هێزگەلێکی زەبەلاحەوە چاودێری دەکرێن، ئەم هێزانە ڕێگە لە تەواوی ئەو کەسانە دەگرن، کە ئامادە نین بەرەنگاری باڵاترین بێدەنگی دەرون ببنەوە. بۆیە هەمو کەسێک دەتوانێت لە ڕوی جەستەییەوە بەپێش چاوی پاسەوانانی پەرستگەوە بچێتە نێو پەرستگەوە، بەڵام ئەگەر نەتوانێت پیرۆزیی پەرستگە لە باوەش بگرێت، واتە نەتوانێت لە ڕوی دەرونییەوە بچێتە نێو پەرستگەوە، ئەوە وەکو ئەوە وایە لە دەرەوە مابێتەوە. کەواتە لە ڕوی مەجازییەوە چونە نێو پەرستگە و بازدانە نێو هەردو شەویلگەی نەهەنگەوە خۆی لەخۆیدا جەربەزەییە. (کامیل، 2020: 167–176)

لە داســـتانی شــێخی ســـەنعاندا ئەم قۆناغە درەنگتر ڕودەدات. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە مەرج نییە قۆناغەکانی گەشـــتی پاڵەوان بە شـــێوەیەکی پلیکانەیی یەک بەدوای یەکدا ڕوبدەن، بەڵکو دەکرێت پێش و پاش لە نێوان قۆناغەکاندا هەبێت، هەروەک چۆن مەرج نییە هەمو قۆناغەکانی گەشـــتی پاڵەوان لە هەمو دەقەکاندا وەکو یەک پراکتیزە ببن.

ئەم قۆناغە لە داستانی شێخی سەنعاندا لە کاتێکدا ڕودەدات، کە پاڵەوان دەچێتە نێو بوتخانە و پەرستگای وڵاتی ڕۆم، لەوێ بەرەو لەدایکبونێکی تر دەچێت و لەلایەن پەرستگەوە قوت دەدرێ.

*ئایین تەرسا گرت وەرنەدا جە مشت*
*رو کەرد وە قاپی کلیسا و کەنشت*
*لوا وە پای بوت سوجدەش بردەوە*
*ماڵاش بە گۆنای ڕەنگ زەردەوە* (هەورامی، 2018: 68)

لێرەدا شێخی سەنعان بۆ یەکەمجار دەچێتە کڵێسا و سوژدە بۆ بتەکان دەبات. کڵێسا بۆ پاڵەوان وەکو ناوسکی نەهەنگ وایە، چونکە لەوێدا ڕووەو ناوەخۆی دەچێت و بەبیری دێتەوە ئەو کێیە، بۆیە بۆ پاڵەوان وەکو لەدایکبونەوە وایە. "لەڕوی دەرونناسییەوە نەهەنگ ئاماژەیە بۆ هێزی ژیان کە لەنێو ناهۆشمەندیدا دەست بەسەرە" (کەمبڵ، 2008: 250) کامبڵ پێی وایە پاڵەوان وەکو کەسایەتییەکی هۆشمەند لەبەردەم هێرشی شەپۆلێک وزەی ناهۆشمەندییە، کە نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات. بۆیە پاڵەوان لەم قۆناغەدا ئەزمون وەردەگرێت و فێردەبێت چۆن لەگەڵ هێزی تاریکیدا خۆی بگونجێنێت و دوبارەو بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی (کەمبڵ، 2008: 251)

بە شێوەیەکی گشتی کامبڵ بۆ ڕونکردنەوەی ئەم قۆناغە سودی لە بەسەرهاتی حەزرەتی یونس وەرگرتوە، کاتێک لەدەست گەلەکەی ڕادەکات و سواری کەشتییەک دەبێت، دواتر بەهۆی زۆری سەرنشینەکانی کەشتییەکەوە، ناچاردەبن تیروپشک ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی یەکێک لە سەرنشینەکان فڕێبدەنە نێو دەریاوە، تاوەکو کەشتییەکەیان نوقم نەبێت. دوای سێ جار لە ئەنجامدانی تیروپشک، بۆ سێیەمین جار ناوی یونس پێغەمبەر دەردەچێتەوە و بە ناچاری فڕێیدەدەنە نێو دەریا و دواتر نەهەنگێک قوتی دەدات. لەناو سکی نەهەنگدا بیری دەکەوێتەوە، کارێکی هەڵەی کردوە و بەخۆیدا دەچێتەوە و تەوبە دەکات، خوای گەورەش لێی خۆش دەبێت و فەرمان بە نەهەنگەکە دەکات، فڕێیبداتە دەرەوە. بەم جۆرە نەهەنگەکە فڕێیدەداتە دەرەوە و دەکەوێتەوە سەر وشکانی و ڕزگاری دەبێت[xviii]. کامبڵیش بەهۆی ئاشنابونی بە کلتوری ئیسلامییەوە، ئەم بەسەرهاتەی حەزرەتی یونسی زانیوە و بۆ ڕونکردنەوەی ئەم قۆناغەی گەشتی پاڵەوان سودی لێ وەرگرتوە، چونکە لە گفتوگۆی لەگەڵ بیل مویرزدا، کاتێ بیل مویرز دەڵێت: "ڕێک لە ورگی ئەو نەهەنگە دەچێت کە یونسی قوت دا" (کەمبڵ، 2008: 250) کامبڵیش لە وەڵامدا دەڵێت: "ڕاستە، ئەوان لە هەمان جێگا لەنێو ورگی نەهەنگدا بون" (کەمبڵ، 2008: 250) بۆیە بە دڵنیاییەوە کامبڵ سودی لەم بەسەرهاتەی حەزرەتی یونس وەرگرتوە.

## 2-2-ب- بەشی دوەمی تیۆری گەشتی پاڵەوان: سەروەری و گەیشتن بە گەورەیی Initiation

سەروەری و گەیشتن بە گەورەیی بریتییە لە بەشی دوەمی گەشتی پاڵەوان، کە بە چونەدەرەوەی پاڵەوان لە سنوری زانراوی خۆیەوە بۆ سنوری نەزانراو دەستپێدەکات. ئەم بەشە بە ناوەڕاستی گەشتەکەی پاڵەوان دادەنرێت و شەشە قۆناغ لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

## 2-2-ب-1- ڕێگەی تاقیکردنەوەکان The Road of Trials

ئەمە یەکەمین قۆناغی بەشی دوەمی گەشتی پاڵەوانە، کە بە سەرنجڕاکێشترین قۆناغەکانی جەربەزەیی دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی پاڵەوان تەگەرەی تێپەڕاند، لەنێو سروشتێکی خەونئامێزدا دەکەوێتە

جوڵە. پێویسـتە پاڵەوان لەم خەونەدا زنجیرەیەک ئەزمون ئەنجام بدات و تێبگات، کە لە هەمو شـوێنێک هێزێک هەیە، یارمەتیدەرییەتی بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی لە سـەروی تواناى مرۆڤەوەن. ئەم گەشـتە دەرونییە یەکێکە لە قورسـترین و ترسـناکترین گەشـتێ کە پاڵەوان پێی هەڵدەسـتێ، چونکە قۆناغی پاککردنەوەی نەفسـە، واتە کاتێک هەسـتەکان پاک دەبنەوە، لوتبەرزی ون دەبێت، بەمەش نەفس بە شـتە باڵاکان سەرقاڵ دەبێت و ڕێگایەک بۆ ڕزگاربون دەدۆزێتەوە. (کامبڵ، 2020: 181-199)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغەش درەنگتر ڕودەدات، وەک لەوەی کامبڵ لە گەشتی پاڵەواندا ڕیزبەندی کردوە. ئەم قۆناغە کاتێک ڕودەدات، کە شـێخی سـەنعان هیدایەتی بۆ دێت و لە خەوی خەفڵەت وشیار دەبێتەوە.

*سەنعان ئێدش دی دڵ ئاوەرد بە جۆش*

*چەم نییان بە هەم دەمێ شی نە هۆش*

*چون ئامان بە هۆش بانگش نەوەردا*

*خاک روی زەمین گشت کرد بە سەردا*

*زارزار مەگرەوا جە شەرمەساری*

*دەست پەی حاجات برد جە دەرگای باری*

*مەواتش یا ڕەب تەوبە و ئیستغفار*

*بویەر جە تەقسیر بەندەی شەرمەسار* (هەورامی، 2018: 86)

شـێخی سـەنعان کاتێک لەلایەن خواوە هیدایەتی بۆ هات، لە هۆش خۆی چو. کاتێک بە ئاگا هاتەوە، بانگیدا و خاکی کرد بە سـەری خۆیدا، ئینجا دەسـتیکرد بە گریان و داوای لە خودا کرد تەوبەکەی قەبوڵ بکات و لێی خۆشبێت. هیدایەت وەک ئەوەی لە فەرهەنگی تەسەوفدا هاتوە، سێ ئاستی هەیە، ئاستی یەکەم بریتییە لە نیشـاندانی ڕێگەی چاکە و خراپە، کە خوای گەورە ئەمەی بە هەمو بەندەکانی بەخشـیوە، هەندێکیان لە ڕێگەی عەقڵەوە پێی بەخشیون، هەندێکیشیان لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە وەکو سروش (وەحی). ئاستی دوەم بریتییە لە یارمەتیدانی بەندەکان بۆ زیادکردنی زانست و کردەوە چاکەکانیان. ئاستی سێیەم بریتییە لەو ڕوناکییەی لە جیهانی وەلایەت و نبوەت لەدایکبوە. خوای گەورە بەم شـێوەیە هیدایەت و ڕێنمایی دەکات، کە ناتوانرێت لە ڕێگەی عەقڵەوە پێی بگات. (Erginli, 2006: 373) هەروەها "هیدایەت بریتینییە لە لێکدانەوەی فەرمانێک بە ڕێگەی زانیاری، بەڵکو هیدایەت ئەوەیە گوێڕایەڵی فەرمانەکە بێت بەبێ لێکدانەوەی" (Erginli, 2006: 373) لێرەدا شـێخی سـەنعان هیدایەت وەردەگرێت، بەمەش واز لەو

کارە نارەوایە دەهێنێت، کە ماوەیەک پێیەوە خەریکبو، ئیتر شـــێخ پاکدەبێتەوە و ڕێگای ڕزگار بون دەدۆزێتەوە.

## 2-2-ب-2- چاوپێکەوتن لەگەڵ خواژن The Meeting with the Goddess

ئەمەیان دوەمین قۆناغی ئەم بەشـەیە. ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ خواژندا بریتییە لە دواین تاقیکردنەوەی توانا و ژیریی پاڵەوانانە، بۆ بەدەستهێنانی بەخشـشـی خۆشـەویستی. دوای سـەرکەوتن بەسـەر تەواوی تەگەرە و دێوەکـان، بە دواین جەربەزەیی دەگەین، ئەم دواین جەربەزەییەش وەکو بـاوە بریتییە لە هاوســەرگیریی جادوانەی پاڵەوانی ســەرکەوتو لەگەڵ شـــاژنی جیهان، واتە لەگەڵ خواژندا. ئینجا ئەو پاڵەوانەی بتوانێت بە ویستی خواژن مامەڵە بکات، دەبێتە خاوەن و پاشـای ئەو جیهانەی، کە ئەو خواژنە دروستی کردوە (کامیل، 2020: 201–219)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە کاتێک ڕودەدات، کاتێک ڕاهیبێک بانگی کچەی تەرسا دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت، کە شێخێکی موسڵمانان داوای دیداری دەکات.

*چون شەمس خاوەر سەر کێشا نەدەیر*
*واتش ئەی سەنعان وەش ئامای بە خەیر*
*ناغافڵ سەنعان دیا بەڵاوە*
*دیش ئایین و دنیاش مدرا وە پاوە*
*هۆریزا وە پا سوجدە بەرد وەنەش*
*تەرسا جەڕوی ناز عەلەیک دا پەنەش* (هەورامی، 2018: 54)

ئیتر کچەی تەرسـا وەکو خۆر دەرکەوت و بەخێرهاتنی لە شـێخ کرد و ئەویش سـوجدەی ڕێزی بۆ برد، دواتر شـێخی سـەنعان هەمو شـتێک لەپێناو ڕازیکردنی دوڵبەرەکەی دەکات و هەر مەرجێک ئەو دایدەنێت، شێخ پێی ڕازی دەبێت و لە کردنی دودڵ نییە.

*ئەوەڵ بنۆشە جورعی جام مەی*
*بە یادی دەوران کەیکاوس کەی*
*دوەم کیتابان قورئان یەکسەر*
*بسوچنە جە لام سوجدە وە بوت بەر*
*سێەم، چەند وەختێ نییەن شوانم*
*پەروەرش بکەر چەنی خوگانم* (هەورامی، 2018: 64)

کچەی تەرسا چەند داواکارییێکی لە شێخ هەبو، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر هەمویان دا. بەم شێوەیە شـێخی سـەنعان بە مەینۆشـین و قورئان سـوتاندن و سـوجدە بۆ بوت بردن ڕازیبو، ئەمەش لەبەر دڵی خواژن، بۆ ئەوەی پێی بگات. یەکێک لەو کارانەی شـێخی سـەنعان ئەنجامیدا بریتیبو لە مەینۆشـین، دیارە ئەم زاراوەیەش لە تەسـەوفدا جێگای خۆی هەیە، چونکە مەی لە تەسـەوفدا واتای ئەو مەیە ناگەیێنێت، کە خەڵکی پێی ئاشـنان، بەڵکو واتایەکی خوازەیی هەیە و بە مانای "خۆشـەویسـتییێکی بەتین" (Cebecioğlu, 2014: 234) دێت. هەروەکو جزیری دەڵێت:

وان دەست و زەند و ساعیدان، مەی دانەی شێخ و زاهیدان

مەستی ب چەشنی شاهیدان، ئەو نێرگزە سیراب دا (الزڤنگی، 1987: 335)

## 2-2-ب-3- ژن وەک وروژێنەر Woman as the Temptress

ئەمەیان بریتییە لە قۆناغی سـێیەم. لێرەدا چیتر پاڵەوان ناتوانێت بە پاکیزەیی لای خواژن بمێنێتەوە، چونکە ئەو ئیتر بە شـاژنی گوناهــــ دەژمێردرێت. بۆیە پێویسـتە پاڵەوان بۆ سـەروی جیهان سـەرکەوێ، تاوەکو خۆی لە بانگەشە وروژێنەرەکان ئازاد بکات و لە ڕێسمانێکی پاکدا بفڕێت. چونکە بە درێژایی مێژو ئەو شـوێنانەی کاهین تێیدا خەریکی خەڵوەت بوە، شـوێنگەلی سـەرنجڕاکێش بون بۆ تارماییە قەدباریکە هەستبزوێنەکان، ئەوانەی خاوەنی لەشولارێکی هەوەسڕفێنن، کە پێویستیان بە ڕاموسانی مرۆڤە. (کامبڵ، 2020: 221–230)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە هەیە. کاتێک شێخ هیدایەتی بۆ دێت و تەوبە دەکات، ئینجا واز لە شوانیی بەرازەکان دەهێنێت و چیتر لای خواژن نامێنێتەوە و جێیدەهێڵێت.

*سکەم سفید کەرد یاوانم نەوبە*

*نەوبەی تەوبەمەن خودایا تەوبە* (هەورامی، 2018: 86)

*ئێدش وات زنهار جە بەر کەندەوە*

*هەرتا دەست گرت تەسبیح شەندەوە* (هەورامی، 2018: 88)

شێخ وتی ئیتر نۆرەی تەوبەکردنە، بۆیە تا دەستی گرت زنناری فڕێدا و دەستی دایە تەسبیحەکانی و کچەی تەرسـای جێهێشـت. بەم شـێوەیە ڕزگاریبو لەو ئارەزو و شـەهوەتانەی سـاڵانێک پێیەوە گیرۆدە ببو. زننار فڕێدان و تەسـبیح گرتنە دەسـت، ئاماژەیە بۆ دوبارە موسـڵمانبونەوەی شـێخی سـەنعان. چونکە زننار پشتێنێکە ڕاهیبەکانی مەسیحی لە پشتی خۆیانی دەبەستن و پێیەوە دەناسرێنەوە، هەرچی تەسبیحە ئامرازێکە موسـڵمانان بۆ زیکر بەکاریدەهێنن، بە تایبەتی کەسـانی وەکو شـێخی سـەنعان، کە کەسـایەتی ئایینین، دایم تەسـبیحیان لەدەسـتە و زیکر و یادی خوای پێ دەکەن. هەروەها تەوبەکردن شـێخ گەواهی

ئەوە دەدات، کە شێخ خۆی لەو تاوانانە پاک کردۆتەوە و لە هەستە شەهوانییەکان ڕزگاری بوە، چونکە لە تەســـــەوفدا تەوبەکار "مرۆڤێکە دوای پەیڕەوکردنی ئارەزوەکانی خۆی تەوبە دەکات و لە نەفامیی خۆی دەگەڕێتەوە و ڕوی لە خوای گەورە دەکات و پەشــیمان دەبێتەوە لەو گوناهانەی کە لە ســـەردەمی خۆیدا کردویەتی" (Erginli, 2006: 846) بۆیە شـــێخ دوای تەوبەکردنەکەی پاکدەبێتەوە لە تاوانەکان و بە پاکی دەگەڕێتەوە.

## 2-2-ب-4- گوناحشۆردنەوە (ئاشتبونەوە) لەگەڵ باوکدا Atonement with the Father

ئەمەیان قۆناغی چوارەمە. کاتێک منداڵ گەورە دەبێت و باوەشـــــی دایک جێدێڵێت، دەچێتە جیهانی گەورەکان، واتە ڕو دەکاتە مەودای باوک. مەودای باوک ئەو شــوێنەیە، کە تێیدا هەر کارێکی پێ بســپێرن، دەبێت پاڵەوان بۆ ئەنجامدانی ئامادەبێت، بۆیە ئەم مەودایە بۆ کوڕ نیشـــــانەی ئەرکێکی نوێیە و بۆ کچیش نیشـــــانەی هاوســـــەری ئایندەیە. باوک کاهینی ئەرکە پیرۆزەکانە و یارمەتی کوڕ یان کچەکەی دەدات، بۆ ئەوەی بەرەو جیهانێکی فراوانتر هەنگاو بنێت، بەڵام باوک کارەکان بە کوڕێک دەســـپێرێت، کە پاکبوبێتەوە لە هەمو وزە سۆزدارییەکانی منداڵانە و نابەجێ. کەواتە ئەم کوڕە کەسێکە دەتوانێ بە شێوەیەکی دروست ســـود لە دەســـەڵاتی خۆی وەربگرێت. بەم جۆرە پاڵەوان دەبێتە کەســـێکی نمونەیی، کە لە حاڵەتی مرۆڤی ئاســایی دەرچوە و بوەتە نوێنەری هێزی گەردونی، واتە دوبارە لەدایک بوەتەوە و ئێســتا خۆی باوکێکە و توانای ئەوەی هەیە نەخشـــەی کاهینێ یا ڕێنوێنیکەرێ بگرێتە ئەســـتۆ یا دەرگای هەتاو بگرێتە دەســـت. دەرگای هەتاو ئەو دەرگایەیە بە تێپەڕبون پێیدا، پاڵەوان لە ترس پاک دەبێتەوە، هەروەها درک بە چاکە و خراپەی خۆی دەکات و لە وەهمەکانی منداڵانە ڕزگاری دەبێت. (کامبڵ، 2020: 231–272)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە ناچەسپێت، چونکە هیچ باوکێک لەم داستانەدا بونی نییە، تاوەکو پاڵەوان ئاشتەوایی لەگەڵ بکات و باوکیش کارێکی پێ بسپێرێت.

## 2-2-ب-5- ئەپۆسیۆس "خوای گەورە" یان بە بەخواکردن Apotheosis

ئەمەیان قۆناغی پێنجەمە. لێرەدا پاڵەوان دەگاتە دوایین تاقیکردنەوە، واتە دەگاتە کۆتا دەرگا و پلەی بەخوابون. پاڵەوانی مرۆیی پاش تێپەڕبون بە دوایین ترســـەکانی نەزانیدا، ئینجا دەســـتی بە ئەپۆســـیۆس دەگات. ئەم خوایە چەمکی چونە بەرەو ســەروەری، بۆیە پێویســتە پاڵەوان لەگەڵ ئەم خوایە یەک بگرێت و ببن بە یەک. (کامبڵ، 2020: 273–313)

ئەم قۆناغە لە تەســـــەوفدا بە یەکێتیبون (وحدةالوجود) ناو دەبرێت، ئەمەش کاتێ ڕودەدات، کە بەندە لەگەڵ خوادا یەکدەگرێت و دەبن بە یەک. لە داســتانی شــێخی ســەنعاندا ئەم قۆناغە جێبەجێ نابێت، چونکە پاڵەوان کارێکی وا ناکات، کە بگاتە ئاستی بەخوابون. لێرەدا پێویستە پاڵەوان کارێک ئەنجام بدات، تەنها لە

توانای خوادا بێت، بەمەش دەچێتە قۆناغی بەخوابون، بەڵام پاڵەوان کارێکی لەم جۆرە ئەنجام نادات، بۆیە ئەم قۆناغە لە داستانەکەدا نابینرێت.

## 2-2-ب-6- دوا بەرەکەت The Ultimate Boon

ئەمەیان شەشەم و دوا قۆناغی ئەم بەشەیە. ئەم بەرەکەتە وەکو خەڵاتێک وایە، کە بەپێی پلەوپایە و حەز و ئارەزوەکان دەبەخشرێت. لێرەدا پاڵەوان دەگات بە ئامانجی گەشتەکەی خۆی و ئەو شتە بەدەست دەهێنێت کە ڕەنجی بۆی کێشاوە. ئەم خەڵاتە لەلایەن خواکانەوە بە پاڵەوان دەبەخشرێت، بەڵام هەندێ جار خواکان نایانەوێ ئەم خەڵاتە بە پاڵەوان ببەخشن، بۆیە دەبێ پاڵەوان بە لێزانیی خۆی وا لە خواوەندەکان بکات، کە ئەم خەڵاتەی پێ ڕەوا ببینن. (کامبڵ، 2020: 201–219)

لە داستانی شێخی سەنعادا ئەم قۆناغە یەکێکی ترە لە قۆناغە بەرجەستەبوەکان. ئەم قۆناغە زوتر ڕودەدات بە بەراورد لەگەڵ تیۆری گەشتی پاڵەوان. کاتێک کچەی تەرسا زەماوەند لەگەڵ شێخی سەنعاندا دەکات، ئەم هاوسەرگیرییە بریتییە لەو خەڵاتەی کە لەم گەشتەدا بە پاڵەوان دەبەخشرێت. لە ڕوانگە عیرفانییەکە دەکرێ ئەم هاوسەرگیرییە بریتی بێ لە دیدار و ویصال، واتە لیقا و بەیەکگەیشتن، لەوێدا جۆرێک لە یەکێتیبون بێتە کایەوە، یان جۆرێک لە بینینی تەجەللای خودا، بەتێکەڵبونی لەگەڵ دلبەر، چونکە ویصاڵ وەک ئەوەی لە تەسەوفدا باسکراوە، بریتییە لە "پەیوەندیکردن بە دولبەر. وەصڵ یەکێتیی حەقیقەتە، چونکە سەر بە خودا پەیوەستە و جگە لە حەق نابینێ و بە جۆرێ نەفسی لە خۆی دورکردۆتەوە کە ئاگای لە کەس نییە" (شوان، 2010: 336) هەروەها لیقا بریتییە لە "دەرکەوتنی مەعشوق، چونکە عاشق لەوە دڵنیایە کە ئەو لەسەر شێوەی ئادەمی بەدیاردەکەوێت. ئەوەی حەزی لەبەیەک گەیشتنی خودابێ خوداش حەزی لەو بەیەک گەیشتنە هەیە" (شوان، 2010: 297) بۆیە ئەگەر لەو ڕوانگە عیرفانییەوە سەیری ئەم هاوسەرگیرییەی شێخی سەنعان و کچەی تەرسا بکەین، دەکرێ جۆرێک بێت لە لیقا و بەیەکگەیشتن.

*بە ئایین و ئایین شەرع پێغەمبەر*

*بستشان نکاح ماهی منەوەر*

*یاران بە دڵشاد مەکەردشان جەخت*

*کەردەن تەدارەک بە چەندی وەقت*

*ئەساسەی شادی کەردشان تەیار*

*ئامان خەڵایق بە قەسر زەڕکار* (هەورامی، 2018: 95)

بەم شێوەیە موریدەکان ئامادەکارییان بۆ زەماوەندی شێخ تەواوکرد و خەڵکیش هەمو ئامادەبون لە زەماوەندەکە. لە تیۆری گەشتی پاڵەواندا ئەم خەڵاتە پێش گەڕانەوەی پاڵەوان لە گەشتەکەی، پێی

دەبەخشــرێت، بەڵام لە داســتانی شــێخی ســەنعاندا ئەم خەڵاتە ئەوکاتە بە پاڵەوان دەبەخشــرێت، کە لە گەشتەکەی دەگەڕێتەوە.

## 2-2-پ- بەشی سێیەمی تیۆری گەشتی پاڵەوان: گەڕانەوە Return

گەڕانەوە بریتییە لە بەشـی سـێیەمی گەشـتی پاڵەوان، کە بە گەڕانەوەی پاڵەوان دەسـتپێدەکات. ئەم بەشە بە کۆتایی گەشتەکەی پاڵەوان دادەنرێت و شەش قۆناغ لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

### 2-2-پ-1- ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە Refusal of the Return

ئەمە یەکەمین قۆناغی بەشی سێیەمە. لێرەدا پاڵەوان گەیشتۆتە کۆتایی گەشتەکەی و هیچ ئەرکێکی دیکەی نەماوە بیکات، تەنها گەڕانەوە نەبێت. پێویســـتە پاڵەوان بە هەوڵ و تێکۆشـــانی خۆی بەو خەڵاتەوە بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی، کە لەلایەن خواوەندەوە پێی بەخشـــــراوە، ئینجا دەبێت ئەم خەڵاتە یاخود ئەم بەرەکەتە لە نوێکردنەوەی ژیـانی کۆمەڵگە یـارمەتیـدەر بێـت، میللەت، گۆی زەوی. بەڵام جـاری وا هەیە پاڵەوان نایەوێت بگەڕێتەوە و لاملی دەکات لە بەجێگەیاندنی ئەم بەرپرســـــیارییە، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە پاڵەوان دەکەوێتە گومانەوە لەوەی ئایا ئەم پەیامە شـایەنی ئەوەیە بەسـەر کەسـانی تردا بڵاوبکرێتەوە، یـان نەخێر. بۆیە بڕیـار دەدات نەگەڕێتەوە، بەڵکو زیـاتر لە جیهـان دورکەوێتەوە. (کامبڵ، 2020: 353–358)

لە داســتانی شــێخی ســەنعاندا ئەم قۆناغە یەکێکە لە قۆناغەکانی تری گەشــتی پاڵەوانی داســتانەکە. کاتێک موریدەکان داوا لە شـــێخ دەکەن گەشـــتەکەی کۆتایی پێ بهێنێت و لەگەڵیان بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی، لەوکاتەدا شێخ ڕەتی ئەم داوایە دەکات و نایەوێت لە گەشتەکەی بگەڕێتەوە.

*هۆرگەردەم نییەن من جەی مەکانە*

*مەبوم وە سەرگرد تەمام بوتخانە*

*وە ئەبرۆی کەمان قودرەت کەشیدەت*

*وە نەقش موژان شانای دو دیدەت*

*وە ئەفشان سیای زوڵف چین چینت*

*چەم وەردەن نە دەور گۆنای ماچینت* (هەورامی، 2018: 60)

شێخ دەڵێت من ئیتر لەم شوێنە ناگەڕێمەوە و دەبم بە خزمەتکاری بوتخانە. شێخ بە زوڵف و ئەبرۆی یار ســـوێند دەخوات، کە ناگەڕێتەوە. بەمشـــێوەیە پاڵەوان گەڕانەوە ڕەتدەکاتەوە و لە گەشـــتەکەی بەردەوام دەبێت.

هەندێکجار وارێکدەکەوێت پاڵەوان لەکاتی گەڕانەوەی لە گەشـــتەکەدا ئەو پەیامەی پێیەتی لەلایەن کۆمەڵگاوە قبوڵ ناکرێت. کامبڵ ئەمە بە ئەزمونێکی ئاسـایی ناودەبات و پێی وایە "زۆرجار مەسـەلەکە بەو شێوەیە نییە کە جیهان قبوڵی خواستەکانی ئەو ناکات، بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە کە نازانێ چۆن ئەو خواستانە وەرگرێ و بەسـەر دەزگاکاندا دابەشـی بکات" (کەمبڵ، 2008: 241) هەرچۆنێک بێت پاڵەوان هەندێ جار لاملی دەکات و نایەوێت بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەی نازانێت چۆن ئەو پەیامەی پێیەتی بە کۆمەڵگەکەی بگەیێنێت. بەڵام ئەوەی لە داستانی شێخی سەنعاندا ڕودەدات هۆکارەکەی بۆ ئەمە ناگەڕێتەوە، بەڵکو شـێخی سـەنعان پێی وایە هێشـتا بە ئاکامی گەشـتەکەی نەگەیشـتوە، بۆیە لە گەڕانەوە لاملی دەکات.

## 2-2-پ-2- هەڵهاتنی سیحرئامێز The Magic Flight

ئەمە بریتییە لە دوەمین قۆناغی ئەم بەشـە. لەم قۆناغەدا ئەگەر پاڵەوان لەلایەن خواکانەوە دوای لێ بکرێـت، بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە بە ئـاوی حەیـاتەوە بگەڕێتەوە بۆ جیهـان، ئەوا لەلایەن هێزە ناسروشـتییەکانەوە چاودێری دەکرێت، بۆ ئەوەی بە بێ ئاستەنگ گەڕانەوەکەی ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر خوا و دێوەکـان بە گەڕانەوەی پـاڵەوان ڕازی نەبن، ئەوا پـاڵەوان بە نـاچاری ڕێگەی هەڵهـاتنی جـادویی دەگرێتەبەر. هەڵهاتنی جادویی ئەوەیە، کە پاڵەوان بۆ دواخســـتی ئەو کەســـانەی دوایکەوتون، لە کاتی هەڵهاتندا دوای خۆی هەندێ بەربەسـت بڵاودەکاتەوە. ئەم بەربەسـتانەش وا دەکەن خێرایی ئەم بونەوەرە ئاسـمانییەی دوای پاڵەوان کەوتوە، کەم بێتەوە. ئەمەش دەرفەتێک بە پاڵەوان دەدات، تاوەکو بە سـەلامەتی بگەڕێتەوە مەملەکەت و شوێنی خۆی. (کامبڵ، 2020: 359–375)

ئەم قۆناغە لە داســـتانی شـــێخی ســـەنعاندا پڕاکتیزە نابێت، چونکە پاڵەوانی داســـتان هیچ جۆرە هەڵهاتنێک بۆ گەڕانەوە ئەنجام نادات، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی دەگەڕێتەوە.

## 2-2-پ-3- ڕزگارکردن لە دەرەوە Rescue from Without

ئەمەیان قۆناغی ســێیەمە. هەندێکجار پاڵەوان بۆ گەڕانەوەی لەو جەربەزەییانەی لە دونیای ئەودیو ئەنجامی داون، پێویســـتی بە هاوکاری دەرەکی دەبێت، واتە دەبێ دونیا هاوکاری بکات و لەگەڵ خۆی بیبـاتەوە. بۆیە ئەم هـاوکـارییە دەرەکییە یـارمەتی پـاڵەوان دەدەن، بۆ ئەوەی بە ســـەلامەتی بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی. لەم قۆنـاغەدا پـاڵەوان دەگـات بە دوایین قەیرانی بـازنەکە، بۆیە لێرەدا هەنـدێ هێزی ســـەروســـروشـــتی یارمەتی پاڵەوان دەدەن تا دەگاتەوە شـــوێنی خۆی، واتە پاڵەوان لە جیهانێک لەدایک دەبێتەوە، کە خۆی لەو جیهانەوە هاتوە. (کامبڵ، 2020: 376–392)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە بەرجەستەبوە. شێخ هاوکاری لە ڕێگەی خەلیفە و موریدەکانییەوە پێدەگات، ئەم یارمەتییەش بریتییە لە بەردەوامبونی موریدەکان لە نزاکردن و پاڕانەوە، تاوەکو خوای گەورە هیدایەتی شێخ بدات.

*بۆ بە عەشق زات حەزرەت رەسوڵ*

*ئستدعای بەندەت بکەرە قەبوڵ*

*سەنعان خەلاس کەر جەی ماجەراوە*

*جە گومڕایی وێش بشی بەڕاوە* (هەورامی، 2018: 75)

بەم شێوەیە شێخی سەنعان یارمەتی دەرەکی بۆ هات و خوای گەورە لەبەر نزای خەلیفە و موریدەکان هیدایەتی بۆ نارد و لەو بارودۆخە نالەبارە ڕزگاری بو. لە قورئانی پیرۆزدا نمونەگەلی تر زۆرن، کە تێیدا باس لە یارمەتیی خوای گەورە دەکات، بۆ ئەوانەی داوای یارمەتی لێ دەکەن. وەکو حەزرەتی ئەییوب، کاتێک داوای لە خوای گەورە کرد لەو نەخۆشییە ڕزگاری بکات، کە ساڵانێک پێیەوە گرفتار ببو. حەزرەتی ئەییوب خۆی داوای یارمەتی لە خوا کرد، بەڵام شێخی سەنعان موریدەکانی داوای یارمەتییان بۆ کرد. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە مەرج نییە، ئەو کەسەی توشی بەڵا بوە، خۆی داوای یارمەتی لە خوا بکات، بەڵکو دەکرێ کەسێکی تر ئەو داوایەی بۆ بکات و خوای گەورەش لەبەر ڕێز و خۆشەویستی ئەو کەسە، لە کەسی بەرامبەر خۆشبێت و لەو بارودۆخە نالەبارەی تێیکەوتوە، ڕزگاری بکات. ئەمەش لە ئایینی ئیسلامدا شتێکە پێی دەگوترێت شەفاعەت. شەفاعەتیش بریتییە لە "داواکردن بۆ زاڵبون بەسەر گوناهـ و تاوان" (بحري، 2016: 12) لە داستانی شێخی سەنعانیشدا موریدەکان ڕۆڵی شەفاعەتکار دەگێڕن و داوا لە خوا دەکەن شێخ بەسەر تاوان و گوناهدا زاڵ بکات و ڕزگاری بکات.

## 2-2-پ-4- تێپەڕبون بە دەرماڵی گەڕانەوەدا The Crossing of the Return Threshold

ئەمەیان بریتییە لە چوارەمین قۆناغ. پاڵەوان لە دونیای مرۆییەوە بەرەوە دونیای خوایی دەڕوات و دەست بە گەشتەکەی دەکات، واتە لە وڵاتی خۆیەوە بۆ شوێنێکی تاریک و نەناسراو دەڕوات، ئینجا گەڕانەوەشی بە هەمان شێوە لەودیوەوە دەبێت، کەواتە پاڵەوان لە دونیای خواکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دونیای مرۆیی، بەڵام بە پەیامێکەوە. یەکەمین گرفتی پاڵەوان بۆ تێپەڕبون بە دەرماڵی گەڕانەوەدا لەوە دایە، پاڵەوان پاش ئەزمونی خەونە بەدیهاتوەکەی، کە تەسکینی بە ڕۆحی بەخشیوە، لەوە تێگەیشتوە، خۆشییەکانی ژیان فانی و پڕوپوچن، بۆیە ئەو پرسیارەی لا گەڵاڵە دەبێت، کە بۆچی جارێکی تر بگەڕێتەوە نێو ئەو دونیا فانییە؟ (کامبڵ، 2020: 393-410)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە هەیە. هەروەک چۆن شێخی سەنعان لە مەملەکەتی خۆی گەشتی کرد و چوە مەملەکەتێکی تر، بە هەمان شێوە لەو مەملەکەتە نەزانراوەی دوڵبەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتە زانراوەکەی خۆی.

*سەنعان ئێد شنەفت هۆریزا وە پا*

*وات بە موریدان با بشین وەڕا*

*رو نە دەرگای حەق بێنیاز کەریم*

*شوکر و ستایش بە جا باوەریم*

*خەلیفە و مورید شوکرانە کەردن*

*وێشان رو بەڕای کەعبە ئاوەردن* (هەورامی، 2018: 88)

شێخی سەنعان بە موریدەکانی وت با بکەوینە ڕێ و بچینەوە بۆ کەعبە، تاکو سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکەین. ئیتر پاڵەوان بەهەمان شێوەی سەرەتای گەشتەکەی، کە لە دەروازەیەکەوە چوە نێو ئەو شوێنەی دەیەویست بۆی بچێت، بەو شێوەیەش لە هەمان دەروازەوە گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی و کۆتایی بە گەشتەکەی هێنا. گەڕانەوەی شێخی سەنعان بەرەو کەعبە مانای ئەوەیە، دوبارە دەبێتەوە موسڵمان، چونکە کەعبە قیبلەی موسڵمانانە و لە ڕوانگەی عیرفانیشەوە کەعبە "بەڕوکردنە خودا و مەقامی گەیشتن دەگوترێ. لەبەرئەوە عاشق و خوازیار پێویستە لە ژێر ئیحرامدابن تا بە مەبەستی خۆیان دەگەن" (شوان، 2010: 281) مەبەستی شێخی سەنعانیش دوبارە موسڵمانبونەوە بو، بۆیە ڕوی کردەوە کەعبە و هاتەوە نێو بازنەی موسڵمانبون.

### 2-2-پ-5- گەورەی هەردو جیهان Master of the Two Worlds

ئەمەیان قۆناغی پێنجەمە. ئەم قۆناغە بریتییە لە ئازادی لە چون و هاتن بە نێو هەردو جیهاندا، واتە ڕۆیشتن لە جیهانی مرۆییە بەرەو جیهانی خوایی و دواتر گەڕانەوە، بە جۆرێک زەین بتوانێت یەکێک لەم جیهانە لە ڕێگەی جیهانەکەی ترەوە بناسێت، چونکە پاڵەوان دوبارە لەدایک دەبێتەوە. لیرەدا چاوچنۆکی کەسایەتی لەناودەچێت و هەوڵدان بۆ ژیانکردن نامێنێت. ئیتر پاڵەوان کەسێکە پڕبوە لە تێگەیشتن و گەیشتۆتە شادومانی باڵا. ئەو ئیتر هەمیشە نەمرە. (کامبڵ، 2020: 411-426)

لە داستانی شێخی سەنعاندا ئەم قۆناغە هەیە. شێخی سەنعان دوای ئەوەی ماوەیەک لە مەملەکەتی دوڵبەر دەبێت و دواتر دەگەڕێتەوە، دەبێتە شارەزای هەردو شوێن. چیتر بۆ ئەو وڵاتی ڕۆم شوێنێکی نەزانراو نییە. ئەو ئیتر گەورەی هەردو جیهانە.

*سەنعان ئێد شنەفت هۆریزا وە پا*

*وات بە موریدان با شین وەڕا*

*رو نە دەرگای حەق بێنیاز کەریم*

*شوکر و ستایش بە جا باوەریم* (هەورامی، 2018: 88)

شێخی سەنعان کاتێک لە گەشتەکەی بەرەو کەعبە دەگەڕێتەوە، ئیتر دەبێتە شارەزای هەردو شوێن، هەم ئەو شوێنەی سەرەتا لێیبو، هەم ئەو شوێنەی گەشتی بۆ کرد.

## 2-2-پ-6- ئازادی بۆ ژیان Freedom to Live

ئەمەیان قۆناغی شەشەم و کۆتاییە. ئەم قۆناغە بریتییە لە کۆتا قۆناغی گەشتی پاڵەوان. لەم قۆناغەدا دەرەنجامی ئەم تێپەڕبون و گەڕانەوە پەرجوئاسایە دەردەکەوێت. (کامبڵ، 2020: 427) لە ئەفسانەی یەکمەودادا (مۆنۆمیت)، واتە لە گەشتی پاڵەواندا، پاڵەوان کەسێکی دانسقەیە و هەندێ جار کۆمەڵگە ڕێزی لێ دەگرێت و هەندێ جاریش پشتگوێی دەخات. پاڵەوانی ئەفسانەیی لە کۆتاییدا بە جەربەزەییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە و سەرلەنوێ گۆمەڵگە نوێ دەکاتەوە. (کامبڵ، 2020: 79–80)

لە داستانی شێخی سەنعاندا پاڵەوان کەسێکی ڕێزلێگیراوە، لەبەر ئەوەی دواجار دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و دەگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست. لێرەشدا پەیامێکی بۆ کۆمەڵگە پێیە، ئەویش ئەوەیە، دەکرێ مرۆڤ تاوان ئەنجام بدات، بەڵام پێویستە دان بە تاوانەکەیدا بنێت و پاشگەزبێتەوە.

کامبڵ پێی وایە "پاڵەوان هەرچییەک بێت، قەشمەر بێت یان شکۆدار، یۆنانی بێ یان بەربەری، جولەکە یان غەیرەجولەکە، لە بناغەدا ئاکار و ڕەوشتیان ئەوەندە جیاواز نییە" (کامبڵ، 2020: 80) لێرەدا جۆزیف کامبڵ ئەوەمان پێ دەڵێت، کە پاڵەوانەکان سەرەڕای جیاوازیی نەژادیی و نەتەوەیی، لە بناغەدا وەکو یەکن و دواجار هەمویان هەر پاڵەوانن. ئەمەش ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە بۆچی کامبڵ ئەم تیۆرەی ناوناوە ئەفسانەی یەکمەودایی (مۆنۆمیت)، چونکە پێی وایە هەمو پاڵەوانەکانی جیهان یەکن.

## ئەنجامەکان:

1– پاڵەوانی سەرەکیی لە داستانەکەدا شێخی سەنعانە و ئەوەی لاوەکییە کچی تەرسایە، ئەوەندەی ئەو دو پاڵەوانە نیشان دەدرێن، کارەکتەرە لاوەکییەکانی تر گرنگییان پێ نادرێ و هەر ئەمەشە لەگەڵ تیۆرەکەی کامبڵ هاویەک دەبێ، کە پاڵەوانی سەرەکیی چەقی گەشتەکەیە.

2- تیۆری گەشـــتی پاڵەوانی جۆزیف کامبڵ لەو ســـۆنگەیەی، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕەگەزی پاڵەوان و بابەتی ســـەفەر هەیە، لەگەڵ زۆربەی دەقە ئەدەبییەکان دەگونجێ، بەڵام لەگەڵ داســـتان زۆرتر دەگونجێ و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دەستنیشانکردنی بونیادی پاڵەوانی داستانی کوردی و مەودای کارکردنی لەنێو گەشتەکانیدا.

3- لە داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا لە کۆی حەڤدە قۆناغ تەنیا دوازدە قۆناغی ئەم تیۆرەی تێدا بەرجەستە بوە.

4- لە داسـتانی شـێخی سـەنعاندا گەشـتەکەی پاڵەوان هاوشـێوەی تیۆرەکە، گەشـتێکی بازنەییە، واتە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. بەمەش پاڵەوان دەگەڕێتەوە هەمان ئەو خاڵەی، کە گەشتەکەی لێوە دەسپێکردبو.

5- لە داسـتانی شـێخی سـەنعاندا هەندێ قۆناغ درەنگتر و هەندێکیش زوتر لەوەی لە تیۆری گەشـتی پاڵەوان ڕیزبەند کراوە ڕودەدەن، بەڵام زۆربەیان هاوتەریب لەگەڵ ڕیزبەندیی قۆناغەکانی تیۆرەکە ڕو دەدەن.

6- گەشـتەکەی شـێخی سـەنعان لە ڕێگەی بینینی خەونێکەوە دەسـتپێدەکات و لەوکاتەدا کۆتایی پێدێت، کە هیدایەتی لەلایەن خواوە بۆ دێت.

7- لە داسـتانی شـێخی سـەنعانی هەورامیدا کچەی تەرسـاش بەهۆی شـێخەوە هیدایەتی لەلایەن خواوە بۆ دێت و دەبێت بە موسڵمان، بۆیە هەردوکیان هاوسەرگیری دەکەن.

# The Hero in the Epic of Sheikh San'an Hawrami According to Joseph Campbell's Theory of the "Hero's Journey"

**Emad Ahmed Khaleel[1] - Hemn Omar Ahmad[2]**
[1+2]Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
This paper entitled (The Hero in the Epic of Sheikh San'an Hawrami According to Joseph Campbell's Theory of the "Hero's Journey") is an attempt to introduce the hero of the Epic of Sheikh San'an Hawrami according to the theory of the hero's journey, That was set by the American mythologist Joseph Campbell (1904-1987). This theory consists of three sections, All three sections consist of seventeen stages. Joseph Campbell believes that no hero being is excluded from these seventeen stages, but not every Hero has to go through all seventeen stages in parallel, but varies from Hero to Hero. In this study, the journey of the hero of the Epic of Sheikh San'an Hawrami has been evaluated according to this theory and all the stages that the hero has gone through with the stages that the hero has not gone through have been discussed. Finally, the results are presented, one of which is the circular event of the Epic and the relationship between the gender of the hero and the subject of the journey. Through this special feature, the hero and the path of the journey within the structure of Sheikh San'an Hawrami epic is identified and by using the theory takes the relationship of Sheikh San'an Hawrami epic with several genders of Sufism and mythology to the structure of world epic.

**Keywords:** Hero, Myth, Epic of Sheikh San'an Hawrami, Hero's journey Theory.

**سەرچاوەکان:**

ئەمین، سیروان جەبار و محمد، سەنگەر قادر شێخ 2015 "**سەرهەڵدانی داستان و ڕۆمان لە ئەدەبی کوردی، لاساییکردنەوە یان دەرکەوتەی فەلسەفەیەکی دیاریکراو**" (3) 2 [گۆڤارا زانکویا زاخو] .

ئەمین، هاوژینی مەلا 2015 "**ئەفسانە و ئایین، ڕوانگەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن**" لە ئارام حاجی و هۆشمەن جەلال، **ئەفسانە و ئایین و زانست** (تاران، غەزەلنوس).

السواح، فراس 2021 **خوا و گەردون و مرۆڤ** (و: کاوە تۆفیق، لە: عەرەبییەوە، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند).

بکر، هیمداد حسێن و ئەحمەد، کەیفی2016 "**بنیاتی هونەریی توخمەکانی گێڕانەوەی داستانی فۆلکلۆریی کوردی**" (3) 7 [گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین].

جەوشەنی، عەلی2015 **فەرهەنگی کوردستانیکا** (کەرەج، چاپەمەنی مانگ).

حسین، سەنگەر ناظم و مەولود، ڕێژان صالح 2018"**داستانی نوسراوی کوردی لەژێر ڕۆشنایی پێوەری داستانە جیهانییەکاندا(مەم و زین بە نمونە)**" (22) 6 [گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان].

حەسەن، مەولود ئیبراهیم2020 **گەڕان بەدوای نەمریدا** (تاران، ماڵی سوهرەوەردی).

خاڵ، شێخ محەمەدی2017 **فەرهەنگی خاڵ** (هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات).

شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد2010 **فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی** (هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم).

عەباس، محەمەد سلێمان2006 "**پاڵەوان لە ئەفسانە و حیکایەتی میللیدا**" 115 گۆڤاری ڕامان (12/5/).

عەبدوڕەحمان، تاڵب عەبدوسسەمەد 2015 "**دەقی (شەوێک لەگەڵ خەییام) لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە**" (ماستەرنامە، زانکۆی سۆران،).

کامبڵ، جۆزیف2020 **پاڵەوانی هەزارڕو** (و:سەلاح حەسەن پاڵەوان، لە: ئینگلیزییەوە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).

کوردستانی، موحەممەد مەردۆخی1388 **فەرهەنگی مەردۆخ** (سنە، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان).

کەمبڵ، جۆزیف2008 **دەسەلاتی ئەفسانە** (و:سەلاح حەسەن پاڵەوان، لە: ئینگلیزییەوە، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس).

مەلازادە، د. ڕێبوار محمد 2021 **زانستی دەق لە ئەدەبدا** (هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە).

هەژار، 1369**هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی-فارسی** (تهران، سروش).

هەورامی، نامق2018 **داستانی شێخی سەنعان بە هەورامی** (هەولێر، چاپخانەی شەهاب).

Çeliktaş, Sami2018 **"Tipolojıya Lehenge Kurd lı Çarçoveya Nerinen Joseph Campbell –Bı Minaken Rusteme Zal U Meme Alan"** (Teza Lisansa Bılınd, Zaningeha Mardin Artukluye,).

الیاده، میرچا 1362 **چشم اندازهای اسطوره** (ت: جلال ستاری، از: انگلیسی، تهران، انتشارات توس).

المناصرة، عزالئايين 2006 **علم التناص المقارن** (عمان، مجدلاوي للنشر والتوزيع).

بحري، عائشة حسين علي 2016 "**الشفاعة (دراسة قرآنية)**" (الأطروحة الماجستير، جامعة النجاح الوطنية،).

Cambridge Dictionary,<https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/hero> (5/6/2022).

Campbell, Josef 2008**The Hero With a Thousand Faces** (America, Joseph Campbell Foundation).

Kinsella, Ritchie, and Igou2018**, “Attributes and Applications of Heroes: a brief history of lay and academic perspectives”**, [University of Limerick Institutional Repository] <https://core.ac.uk/download/pdf/160500299.pdf> (4/6/2022).
Oruç, Sinem2018 **“A novelized epic: An analysis of THE LORD OF THE RINGS Trilogy By J.R.R Tolkien in terms of the Bakhtinian Distinction of the epic hero and the novelistic hero”** (Master’s degree thesis, Middle East technical university,).
Sultan, Karam **“The Classical Hero’s Journey of Lyra Belacqua in Philip Pullman’s His Dark Materials”** 2022 (Master’s Degree Thesis, Istanbul Yeni Yüzyıl University,).
The Britannica Dictionary, < https://www.britannica.com/dictionary/hero> (5/6/2022).
Zimbardo, Philip 2007 **Lucifer Effect** (United States , Random House).
Akot, Bülent 2011 **“Tasavvufi Terbiyede Rüyanın Değeri”** (10) 19 [Hitit Üniversitesi İlahiyat Fakültesi Dergisi] .
Cebecioğlu, Ethem **Tasavvuf Terimleri ve Deyimleri Sözlüğü** (Otto Yayınevi 2014).
Erginli, Zafer2006 **Tasavvuf Terimleri Sözlüğü** (Istanbul, Kalem Yayınevi).
Gök, Esra Saldız 2019 “**Türk Dili ve Edebiyatı Eğitiminde Kavram Çalışması Tanzimat’tan Cumhuriyet‘e (1860-1923) Şiirde “Kahraman” ve “Kahramanlık” Kavramının İncelenmesi”** (Yüksek Lisans Tezi, Marmara Üniversitesi,).
Kirmitçi, Leyla 2019 **“Hakas Destan Kahramanları ve Tip Özellikleri”** (Yüksek Lisans Tezi, Erciyes Üniversitesi,).
Uludemirciler, Serpil 2021 **“Murat Başekim’in Romanlarında Epik Dönüşüm”** (Yüksek Lisans Tezi, Nevşehir Hacı Bektaş Veli Üniversitesi,).

---

Sami Çeliktaş, **“Tipolojıya Lehenge Kurd lı Çarçoveya Nerinen Joseph Campbell –Bı Minaken Rusteme Zal U Meme Alan”** (Teza Lisansa Bılınd, Zaningeha Mardin Artukluye, 2018).

[ii] ئەم توێژینەوەیە بەشێكە لە تێزێكی ماستەر و لەگەڵ داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا نمونەی داستانی دیكە بە زاری دیكەی كوردی وەرگیراوە.

[iii] میرچا ئیلیادە (1907–1986)، فەیلەسوف و مێژونوسێكی ڕۆمانی بو لە بواری ئایین، هەروەها مامۆستا بو لە زانكۆی شیكاگۆ. خاوەنی چەندان كتێبە لەسەر ئایین و ئەفسانە.

[iv] فراس السواح (1941–)، نوسەر و بیرمەند و لێكۆڵەرێكی سوریيە لە بواری ئەفسانە و مێژوی ئایینەكان. لە زانكۆی پەكین مامۆستا بوە و خاوەنی چەندان كتێبە لەسەر ئەفسانە و مێژو و مێژوی ئایینەكان.

[v] جۆزیف جۆن كامبڵ (1904–1987)، ئەفسانەناسێكی ئەمریكییە. خاوەنی چەندان كتێبە لەسەر ئەفسانە و گرنگترین كتێبی بریتییە لە (پاڵەوانی هەزاررو)، كە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندئایین زمان.

[vi] بیل مویرز (1934–)، ڕۆژنامەنوس و شرۆڤەكاری سیاسیی ئەمریكییە. بە شێوەیەكی فراوان بەشداری لە پەخشی گشتی و بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیۆمێنتاری كردوە. یەكێك لە بەرنامەكانی لەگەڵ جۆزیف كامبڵ بوە، كە دواتر گفتوگۆی بەرنامەكەی لە دوتوێی كتێبێكدا بە ناوی (دەسەڵاتی ئەفسانە) بڵاوكردەوە.

James George Frazer (1854-1941).[vii]
Max Müller (1823-1900).[viii]
Emile Durkheim (1858-1917).[ix]
Carl Jung (1875-1961).[x]

[xi] نمونەی هەندێک لەو کارانەی لەسەر تیۆری گەشتی پاڵەوان ئەنجام دراون، کە زۆربەیان لەسەر داستانن:

- بررسی و تحلیل اسطوره شاماران براساس الگوی سفر قهرمان جوزف کمبل.
- نقد کهن الگویی سفر قهرمان در داستان هفت خان اسفندیار بر اساس نظریه ژوزف کمپبل.
- Tipolojıya Lehenge Kurd lı Çarçoveya Nerinen Joseph Campbell –Bı Minaken Rusteme Zal U Meme Alan.
- Campbell'in Monomit Kuramı Bağlamında kökin Erkey Destanı.

[xii] فەقێ تەیران ناوی (محمەد)ە، ساڵی لەدایکبونی ڕون نییە، بەڵام لە سەردەمی مەلای جزیریدا ژیاوە. لە شیعرەکانیدا ناوەکانی (مەکسێ، تەیران، میم و حێ، میم و هێ، میم و حێ و دال، هێشەتێ، محەمەد) بۆ خۆی بەکار هێناوە. لەبەر ئەوەی لە حوجرە خوێندویەتی، بۆیە بە فەقێ ناوی دەرکردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شوان، 2012: 199).

[xiii] مەلا عەبدوسسەلام حەیدەری، ناوی تەواوی عبدالسلام محمد نەبی خۆشناوە، لە ساڵی 1927 لە گوندی دێرینی بێتواتە لەدایک بوە. جگە لە زمانی کوردی هەردو زمانەکانی عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە، هەروەها شارەزایی لە زمانی تورکی و ڕوسیشدا هەبوە. خاوەنی چەندئایین کتێب، نامیلکە و نوسینی گۆڤارە. لە ساڵی 2007 کۆچی دوایی کردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدوڕەحمان، 2015: 38).

[xiv] تا ئێستا هیچ لەبارەی ژیانی (سەید ڕەحمەتوڵڵا) نازانرێت. تەنها ناوی لەسەر دەستنوسەکەدا هەیە، کە ئاماژەیە بۆ نوسینەوەی داستانەکە لە لایەن ناوبراوەوە.

[xv] زنار، پشتێنێکە ڕاهیبەکانی مەسیحی لە پشتی خۆیانی دەبەستن.

[xvi] لە فەرهەنگی کوردستانیکادا لە بەرامبەر وشەی (Departure)دا (1 ڕۆیشتن، کەوتنەڕێ، ملی ڕێگەگرتن، کۆچ، بەجێ هێشتن 2 کاتی ڕۆیشتن، سەعاتی ڕۆیشتن 3 لادان، تێپەڕین، ترازان، دوری، خۆبواردن 4 شێوەی نوێ، ڕێگای تازە، کاری تازە) بەکار هاتوە. ئێمەش وشەی (کەوتنەڕێ)مان پێ گونجاوترین بو، چونکە لەگەڵ ناوکۆیی تیۆرەکە هاوئاهەنگترینە. جەوشەنی، 2015: 738).

[xvii] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ **قورئانی پیرۆز**، سورەتی "الصافات"، ئایەتی (102).

[xviii] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **قورئانی پیرۆز**، سورەتی "الصافات"، ئایەتی (139).